عبدالواحد مشير محمود دزەیی (2010) ڕۆڵی زمان لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی تاکدا، گۆڤاری (زانکۆی سلێمانی (B ژمارە (30) بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

# رۆلَى زمان له دەستنیشانکردنی کەسایەتی تاکدا.

لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازی رەوشتییە.

پ.ی.د.عبدالواحد مشیر محمود دزەیی - بەشی زمانی کوردی - کۆلێژی زمان- زانکـــۆی سەلاحەددین- هەولێر.

## پێشەکی:

لە ژیانی رۆژانەماندا، گوێمان لە چەندین وشەو دەستەواژە دەبێت دەربـارەی کەسـایەتی مـرۆڤ، وەك ئـەوەی فلانـە کەس کەسایەتییەکی بەهێزی هەیە و ئەوی تر کەسایەتییەکی بێهێزی هەیە....هتد، جا هەر وەك دەبینین مرۆڤەکانی سەر رووی زەمین لایەنی هاوبەش و ناوکۆیان زۆرە، لایەنی جیاوازیشیان زۆرە، وەك رەنگ و شێوە و بە هـەمان شـێوەش لە رووی کەسـایەتییەوەش جیـاوازن و لەیـەك ناچـن، هەریەکە و چـەند ئـەدگار و تایبە تمەندییـەك لەیـەکتریان جیادەکاتەوە کە بە هەندێکیان سەرسامین و بە هەندێکیشیان دڵتەنگ و پەستین، ئەمەش زیاتر لـە رێگـای دەربـڕین و هەڵسوکەوتەکانیانەوە هەستی پێدەکرێت، ئەگەر کەسێك نەدوێت تۆ نازانی کێیـە و سـەر بـە چ چـین و رەگەزێکـە چ کەسایەتی یەکی هەیەو لە چ بارێکی دەروونی دا دەژی ئەدگارەکانی چین.

### أ- گرنگی باسەکە:

گرنگی باسەکە لەوەدایە تاکو ئێستا لێکۆڵینەوەی وا لە زمانی کوردی ئەنجام نەدراوە سەرەڕای ئەمەش گرنگی زمـانی دەربڕاو و جەستە دەردەخات بۆ نیشاندانی کەسایەتی.

### ب- سنووری باسەکە:

بەگشتی باسەکە لە سنووری واتاسازی رەوشتییە و بە پێی پێویستیش چۆتە ناو واتای سیمانتیکی و پراگماتیکی لە شیکردنەوەی ناوەرۆکی زمانی تاکە کەس بە هەردوو شێوەیەوە دەربڕاو و جەستەیی.

### ج- ئامانجی باسەکە:

مرۆڤ لە کۆنەوە درکی بەوە کردووە کە ناتوانێ بگاتە ناخی بەرامبەرکەی لـە نهێنییـەکانی شـارەزابێت هەربۆیـەش هەوڵی ئەوەی داوە لە رێگای دەربڕینە قسەییەکان و هەڵسوکەوتە جەستەییەکان و شێوە کەسی بەرامبەر بخوێنێتـەوە ، هەروەك دەبینین لە زۆر شوێندا دەربڕینی (زمانەکەت رەنگدانـەوەی کەسـایەتیتە) دووبـارە دەبێتەوە، لـەم باسـەدا هەوڵدەدەین لە رێگای دەبڕینە زمانییەکان کەسـایەتی مـرۆڤ بخەینـە روو و رۆڵـی گرنگـی واتـاسـازی، سـیمانتیك و پراگماتیك دەربخەین، لەو لێکۆڵینەوانەی کە توێژەرە دەروونییەکان ئەنجامی دەدەن.

### د- رێبازی باسەکە:

باسەکە لەژێر رۆشنایی واتاسازی رەوشتی Behaviorist کاردەکات.

### هـ- ناورۆکی باسەکە

باسەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دووبەش پێکهاتوە:بەشی یەکەم ئـەم سـەردێرانە دەگرێتـەخۆ: (واتاسـازی رەوشتی، کەسایەتی تاك، جۆرەکانی کەسایەتی، دروستبوونی کەسایەتی و کارتێکەرەکانی، ئەدگارەکانی پێکهاتـەی سروشتی تاك، شیکردنەوەی دەروونی تاك، تاقیکردنەوەکانی دیاریکردنی کەسایەتی، بەشی دووەمیش ئەم سـەردێرانە دەگرێتە خۆی، زمان و کەسایەتی، دەستنیشانکردنی کەسایەتی لە رێگای دەربڕین) لە کۆتایشدا پوختەی باسـەکە بـە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە روو.

عبدالواحد مشیر محمود دزەیی (2010) رۆڵی زمان لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی تاکدا، گۆڤاری (زانکۆی سلێمانی (B ژمارە (30) بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

## بەشی یەکەم:

### 1-واتاسازی ڕەوشتی : Behaviorist semantics

ئەو زانستەیە باس لە ڕەهەند و بنەما ڕەوشتییەکان دەکات بۆ دەرخستنی واتای یەکە زمانییەکان (عبدالقادر عبدالجلیل:164:2006). پەیوەندی بەتین لە نێوان زمان و دەروونی مرۆڤدا هەیە و بەڵگەشمان هاتنەکایەی زمانەوانی دەروونی و واتای دەروونییە، گرنگی دان بەلایەنی دەروونی لە زمان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی چۆمسکی، کە وا بە باشدەزانێت زمان بە لقێك لە دەروونناسی درکپێکردن دابنرێت (جمعە سید یوسف:18:1990)، چونکە زمان شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕەوشتی مرۆڤ و یەکێ لە ئەرکەکانی زمانیش دەربڕینی بیرە (سەرچاوەی پێشوو:16) لەم ڕوانگەیەوە زمان ڕەوشتێکە کە زانیاری و بیر و هەست و سۆز و ویست و ئارەزووی تێدا ڕەنگدەداتەوە لە ڕێگای دەربڕینە زمانی و جەستەییەکانەوە.

دەروونناسی و زمانەوانی لە زۆر بابەت دا هاوبەش و ناوکۆن لەمانەش:

1- وەرگرتنی زمان.

2- بیرکردنەوە.

3- واتا.

4- داب و نەریتی زمانی.

5- شیکردنەوەی دەروونی.

6- نەخۆشییەکانی گوتن.

هاتنە کایەی زمانەوانی دەروونی Psycholinguistics بۆ چارەسەری ئەم بابەتە هاوبەشانە بوو (محمد حسن عبدالعزیز:21:2009) ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێت واتا و شیکردنەوەی دەروونی تاکە کەسە لە ڕێگای زمان، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت سەرەتا لە کەسایەتی و پێکهاتەی دەروونی تاکە کەس شارەزابین.

### 2- کەسایەتی تاك personality:

تاك لە هەر قۆناغێکی تەمەنیدابێت دەتوانێت بیروبۆچوونەکانی خۆی دەربڕێت دەربارەی زۆرشت بەمەش کەسایەتی و ناسنامەی خۆی دەچەسپێنێ لەنێو کۆمەڵ، کەسایەتی بە واتا کۆمەڵایەتییەکەی بە کەسانی خاوەن ڕەوشت و ڕێك و پێکی شێوەی دەرەوەی دەگرێتەوە لە جل و بەرگ (أنس شکشك:28:2009). بەڵام دەروونناسان تێڕوانینێکی جیایان هەیە بۆ کەسایەتی و لەوباوەڕەدان کەسایەتی ئاڵۆزترین لایەنی دەروونیە لەهەمان کاتیشدا وای بۆدەچن ئەسەتەمە لە توێژینەوەکانی دەروونناسی دا لایەنی کەسایەتی فەرامۆشبکرێت (محمد بنی یونس:245:2004).

کەسایەتی زۆر پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە لە لایەن دەروونناسانەوە لەوانەش:

1- جۆن واتسۆن کەسایەتی لە ڕوانگەی پێوەرە دەرەکییەکان لێکدەداتەوە پێی وایە کەسایەتی ئەو چالاکییەی مرۆڤە کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بزانرێت (احمد یحیی الزق:282:2006).

2- جۆردن ئەلبۆرت لە ڕووی پێکهاتی ناوەوە پێناسەی دەکات، و پێی وایە ڕێکخراوێکی داینامیکی ناوەوەی مرۆڤە، کە ئەرکی ڕێکخستنی لایەنی دەروونی و جەستەیی مرۆڤ دەبینێت و تایبە تمەندی ڕەوشت و بیرکردنەوە ی مرۆڤ دەردەخات (حامی الملیجی:402:2000).

**3- رایمۆند کاتل پێی وایە کەسایەتی ئەو سیستەمەیە کە ڕێگە دەدات پێشبینی ئەو چالاکیانە بکرێت کە مرۆڤ لە بارودۆخی تایبەتی و دیاریکراودا بە ئاکامی دەگەیەنێت بەم پێیە کەسایەتی هەموو چالاکییەکی دیار و نادیاری تاك دەگرێتەوە( طلعت منصور:335:1978).**

**4- سیگمۆند فرۆید کەسایەتی لە ڕێگای کۆئەندامی تایبەتی دەروونییەوە پێناسە دەکات،کە سێ لایەن لە خۆ دەگرێت ( ئەو و من و منی بالا ). ئەگەر ئەم سێ لایەنە تەبایی و گونجان لە نێوانیاندا هەبوو ئەوا کەسەکە دەتوانێت بە ئەرکەکانی خۆی هەڵسێت،بەڵام ئەگەر ناتەبایی و ململانێ لە نێوانیاندا هەبوو ئەوا کەسایەتییەکی لاواز دێنێتەکایەوە.(کریم شریف قەرەچەتانی:301:2007).**

**کەسایەتی چەمکێکە ڕاستەوخۆ هەستی پێناکرێت بەڵکو لە ڕێگای چالاکییە دەرەکی و ناوەکییەکانی ناڕاستەوخۆ وە دەناسرێتەوە.و ئەوەی لە تاکدایە دەیگرێتەوە وەك ( توانا و ئامادەباشی و ئارەزوو و بیروڕا و ئاڕاستە و پاڵنەر، ........هتد .لەگەڵ تایبە تمەندی ئەقڵی و دەروونی و ڕەوشتی و ڕۆحی و بیرکردنەوە و پیشە ...هتد.**

**بڵاوترین پێناسەی کەسایەتی بریتیە لە ( سیستەمێکی تەواوە لە خولیاکان و تا ڕادەیەکیش جێگیرە کە کەسێك لەیەکی تر جیادەکاتەوە و شێوازێکی گونجان بۆخۆی هەڵدەبژێرێت لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا.(احمد زکی صالح:32:1972) بەم پێیە کەسایەتی کۆمەڵێك بیروبۆچوونی وەرگیراوە لە دەوروبەرێکدا،کە لەژیانی ڕۆژانەدا وەریدەگێڕێتە سەرکردار و ڕەوشت و لە کەسێکی تری جیادەکاتەوە،بۆیە دەتوانین بڵێین (کەسایەتی ئەو ئەدگارە کەسیەیە لە ئە نجامی کاریگەری حەز و هەڵچوونەکانی ناخی مرۆڤ و کارتێکەری کۆمەلایەتی دروست دەبێت و تاکەکان لەەن لەیەك جیادەکاتەوە، هەربۆیەش بە پێی دەوروبەر لە گۆڕاندایە ).**

## 3- **جۆرەکانی کەسایەتی** personality types :

**کەسایەتی مرۆڤ پێکدێت لە چەند ئەدگارێك کە لەگەڵمان لەدایك دەبێت و تەنها سستی و چالاکی لە گۆڕاندایە، زانستی جۆرەکانی کەسایەتی ( personality types ) لەسەر دەستی زانای سویسری ( کارل جوستاف جونز ) کە یەکێکە لە قوتابییەکانی زانای نەمساوی ( سیگموند فرۆید ) سەری هەڵدا، بۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارەی ( چۆن دەتوانین لێکدانەوەی ڕەوشتی کەسێکی دیاریکراو دیاربکەین ؟ ) دواتر زانای ئەمریکی ( ئیزابیل برقز ) و کچەکەی ( کاترین برقز ) توانییان گەشە بەم زانستە بدەن بۆ ماوەی چڵ ساڵێك لە لێکۆڵینەوەی بەردەوام توانیان بگەنە پێوانەیەك کە ناونرا ( پێوانەی مایرز برقز بۆ سیماو جۆرەکانی کەسایەتی NPTA ) ( عبد الله بن أحمد العلاف:د.ت: 3 )**

**بۆ جۆرەکانی کەسایەتی چەندین تیۆر هاتوونەتە ئاراوە هەر بۆیەش ڕێکەوتنێکی تەواو نییە بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی کەسایەتی، دەروونناسان هەوڵیان داوە کەسایییەتییەکانی مرۆڤ لەسەر چەند بنچینەیەك پۆلین بکەن و بۆ ئەم مەبەستەش و هەریەکەیان لە ڕوانگە و گۆشە نیگایەکەوە کەسایەتیان دابەش کردووە لەوانەش:**

### أ- **تیۆرەکانی جۆر** Type Theories:

**ئەو تیۆرانە دەگرێتەوە کە کە کەسەکان بەسەر چەند جۆرێك دابەشدەکەن لە ڕێگەی دۆزینەوەی چەند تایبە تمەندییەکی هاوبەش لای کۆمەڵێك خەڵك و ناونانیان بە جۆرێك کەسایەتی لە ڕێگای دەرکەوتنی تایبە تمەندییەکی دیاریکراو وەك حەزکردن بە سەرەڕۆیی و یا تێرکردنی ئارەزووەکان یان گۆشەگیری .....هتد.(کریم شریف قەرەچەتانی:325:2007) ئەمانەی خوارەوە گرنگترین تیۆری جۆرن:**

### A- **جۆرە فیسیۆلۆجییەکان :**

عبدالواحد مشير محمود دزەیی (2010) ڕۆڵی زمان لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی تاکدا، گۆڤاری (زانکۆی سلێمانی (B ژمارە (30) بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

**پزیشکی یۆنانی هیبۆقرات لە ڕوانگەی فیسیۆلۆجییەوە کەسایەتی پۆلیندەکات و وای بۆ دەچێت ڕژێنەکانی لەشی مرۆڤ کاریگەریان لەسەر کەسایەتی هەیە. بەم پێیە کەسایەتی بۆ چوارجۆر دابەشدەکات.** (کریم شریف قەرەچەتانی: 328:2007)،:

**أ-کەسایەتی لیمفاوی:**

**ئەو کەسایەتییە دەگرێتەوە کە کەسانی بابەتی و بیرقووڵ و زیرەك و ڕاستگۆ و ئازا و بە وەرەن.**

**ب-کەسایەتی خوێنی:**

**کەسانی کۆمەڵایەتی و لەسەرخۆ و ئازاد و ڕەخنەگر و گاڵتەجار و بابەتی و نەرم و دیپلۆماسی و خۆپەرستن.** (أنس شكشك: 50:2009).

**ج-کەسایەتی ڕەشۆکی:**

**ئەم جۆرە کەسانە دەگرێتەوە کە ڕەشبین و هەڵچوو و دڵتەنگ و خەماوی و بێ وەرە و بێ قسەن و نەگۆڕن لە بیروڕا.**

**د-کەسایەتی زەردباوی:**

**ئەم جۆرەیان تووڕە و توندوتیژ و جەستە بەهێزن، لاسار و کەللەڕەقن.** (کریم شریف قەرەچەتانی: 328:2007).

B- **جۆرە ڕەوشتییەکان :**

**کارل یۆنگ کەسایەتی مرۆڤ لە ڕێگای ڕەوشتەوە کەسایەتییەکان پۆلین دەکات و دابەشیدەکات بۆ دوو جۆر:**

**أ-کەسایەتی گۆشەگیر Introvert:**

**ئەم کەسانە دەگرێتەوە کە حەز لە دوورە پەرێزی و تەنیایی دەکەن زۆرجاریش شەرمنن و لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی سارد و لاوازن.**

**ب-کەسایەتی کراوە Extravert:**

**ئەو کەسانەن کە گرنگی بە پەیوەندی و تێکەڵبوون دەدەن لە ناو کۆمەڵدا هەست بە ئاسوودەیی دەکەن** (حلمی الملیجی: 415:2000).

C- **جۆرە جەستەییەکان:**

**شیلدون ئەدگارەکانی کەسایەتی بە پێکهاتەی جەستەی مرۆڤەوە دەبەستێتەوە، کەسایەتی بە پێی جەستەی مرۆڤ دابەشدەکات بۆ سێ بەش:**

**أ-چینی ناوەوە:**

**کە سنگ و هەناوی مرۆڤ دەگرێتەوە گرنگترین تایبەتییەکانی ئەوەن ئارەزووی تێکەڵاوی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەەن ئەم جۆرەکەسانە سك گەورە و قەڵەون و حەز بە خواردن و خواردنەوەی زۆر دەکەن.**

**ب-ناوەندە چین:**

**ئەم چینە ماسولکە و ئێسك دەگرێتەوە خاوەنی دوو شانی گەورەو پانن، هێزیان زۆرە و چوست و چالاك و بێ پێچ و پەنان لە ڕەفتاردا.**

**ج-چینی دەرەوە:**

**کۆئەندامی دەمار و پێستی مرۆڤ دەگرێتەوە کە کەسانی درێژ وباریك و هەستیارن و هەست بە دڵە ڕاوکێ و تەنیایی و گۆشەگیری دەکەن لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا لاواز و دوورە پەرێزن** (سەرچاوەی پێشوو: 417).

**ب-تیۆری خەسلەتەکان** Traits Theory:

**ئەدگاری کەسی یان خەسڵەت Trait سیفەتێکی خۆرسکە یان بەدەست هێنراوە کە کەسێك لە یەکێکی تر جیادەکاتەوە لەنێو مرۆڤدا کۆمەڵێك ئەدگاری گشتی و هاوبەش هەیە گرنگترین تیۆرەکانی خەسلەت بریتین لە :**

**A- تیۆری ریمۆند کاتل:**

**کاتل هەوڵیدا لە رێگای شیتەڵکردنەوەی فاکتەری ژمارەیەك خاسیەتی کەم و زاڵ دەستنیشانبکات بۆ ئەوەی کەسایەتی پێ لێکبداتەوە بۆ ئەم مەبەستە کاتل پێی وایە ئەدگارەکانی مرۆڤ رێژەیین و دابەشی دەکات بۆ دوو بەش:**

**أ- تایبە تمەندییەکانی تاکەکەس، ئەم تایبە تمەندیە دەگرێتەوە کە کەسێك لە کەسێکی تر جیادەکاتەوە.**

**ب- تایبە تمەندیی هاوبەشەکان، ئەو تایبە تمەندیانە دەگرێتەوە کە لە هەموو کەسێکدا هەیە و بەدی دەکرێت ( محمد بنی یونس :246:2004 ) کە هەمان بیروڕای ( کلوکهن و موری و شیلدر ) ە لە کتێبەکەیاندا ( کەسایەتی لە سروشت و کۆمەڵگاو کەلتوور ) و پێیان وایە کەسایەتییەکان لەهەندێ ئەدگاردا هاوبەشن وەك ئەوەی هەموو مرۆڤەکان لە رووی بایەلۆجی و ئۆرگانییەوە لەیەکدەچن. وەك هەموو مرۆڤێك یەك سەر و دوو دەست و دووقاچ و دوو چاو و.......هتد.و لە هەندێکیشدا جیان وەك ئەوەی کەسەکان دوای پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بوون زۆر رەفتار و داب و نەریت و بیرکردنەوە فێر دەبن جیایان دەکاتەوە جیایان دەکاتەوە لە کۆمەڵێکی تر وەك ئەوەی منالانی کورد جیییایە لەگەڵ منالانی کۆمەڵێکی تر جگە لەمەش هەموو تاکێك شێوازێکی تایبەتی هەیە لە بیرکردنەوە و رەوشت کە جیای دەکاتەوە لەکەسێکی تر ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ هەندێ هۆکار لەوانەش بۆماوەیی و بایەلۆجی و هەروەها ئاوێتەبوونی لەگەڵ دەوروبەری جیاواز.(کریم شریف قەرەچەتانی :343:2007 ).**

**B-تیۆری ئەلبۆرت:**

**مەبەستی سەرەکی ئەلبۆرت جیاکردنەوەی ئەو خەسلەتە گشتیانەیە کە لە لای خەڵکێکی زۆر هەیە و ئەو خەسلەتانەش کە هاوبەشنین، ئەلبۆرت وای بۆ دەچێت هەرکەسێك لە ئێمە ژمارەیەك خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیە و بە شێوەیەکی هەرەمی پلە پلە جێگای خۆیان کردۆتەوەواتە هەندێکیان لای ئەوکەسە زیاتر گرنگی خۆی هەیەو لە زۆربەی بارەکاندا دەردەکەوێت و کاریگەری زۆری لەسەر بیرکردنەوەی خاوەنەکەی هەیە، کە پێی دەڵێت خەسڵەتە سەرەکییەکان، لە بەرامبەر ئەم خەسلەتەشدا کۆمەڵێك خەسڵەت و رەهەندی تر هەن کە کاریگەرییان کەمترە و ئەم خەسلەتەشی ناو ناوە خەسڵەتی لاوەکی.دوای هەوڵێکی زۆر ئەلبۆرت گەیشتە ئە بڕوایەی کە ژمارەیەکی کەم هەڵگری خەسڵتی سەرەکین کە ژمارەیان ( 3-10 ) خەسڵەتە و کاریگەریان لەسەر کەسایەتی هەیە لەبەرامبەر ئەمەشدا ژماریەکی زۆر خەسڵتی لاوەکی هەیە کە بریتین لە جۆری وەڵامدانەوەی تاك بۆ وروژێنەرەکانی دەوروبەری.**

**ج- تیۆری خود :**

**رۆجز پێی وایە چەمکی خود رەوشتی مرۆڤ و کەسایەتی دیاردەکات و چوار رەهەندی بۆ دیاردەکات:**

**1- خودی رەسەن: کەسەکەیە کە وەك ئەوەی خۆی هەیە هەر کەسێك لێی نزیکبێتەوە بۆی دەردەکەوێت.**

**2- خودی درکپێکراو: ئەو خودەیە کە خۆی درکی پێدەکات لە ژێر رۆشنایی درکپێکراوەکانیدا.**

**3- خودی کۆمەڵایەتی:ئەو خودەیە کە لای کەسانی ناو کۆمەڵگا وێنەی بۆ کێشراوە.**

**4- خودی نموونەیی:ئەو خودەیە کە تاك هیوای بۆ دەخوازێت و هەوڵدەدات پێیبگات. (أنس شکشك :44:2009 ).**

**د-تیۆری بوار:**

**تیۆری بوار کە لیفین رابەرایەتی دەکات جەخت لەسەر رەوشتی تاك دەکات لە بواری کۆمەڵایەتی و پێیی وایە ژیان چەمکێکی جێگیر نییە، بەڵکو چەمکێکی جولاوە و لە ئە نجامی گۆڕانکاری و شڵەژان لە ناخی تاك یان دەوروبەر و رەوشت**

عبدالواحد مشير محمود دزەیی (2010) ڕۆڵی زمان لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی تاکدا، گۆڤاری (زانکۆی سلێمانی (B ژمارە (30) بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

**بەردەوام لە گۆڕاندایە. لیفین لە تیۆرەکەی دا ئاماژە بۆ چەمکی هێز دەکات کە پاڵنەری ڕەوشتە، ڕەوشتی تاك دەرەنجامی هێزێکی بێویستە لە کاتێکی دیاریکراودا. ئەو ڕەوشتەی ئاراستە کراوە بۆ ئامانجێك ئەوە بەهێزترین ئامانجی دروستە، هەربۆیەش وای بۆ دەچێت دیاردەی دەروونی جولانەوەیەکە بەرەو ئامانجێکی دیار لە ناو سنورێکی دیاریکراودا سنووری ڕەوشتیش درکپێکردنی تاکە بە دەوروبەرەکەی و پەیوەندی نێوانیان ئەمەش لە ڕێگای جولانەوەیەك دەبێت کە پێکهاتوە لە کارلێکردن و جێگۆرکێی بەردەوام لە پێکهاتەکانی دەوروبەر و ناخی تاك.** (سەرچاوەی پێشوو:43).

**زانیمان کەسایەتییەکان بە چەند جۆرێك دابەشکراوە و ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ بێت ئەو دابەشکردنەیە لە ڕێگای خەسلەت و تایبەتمەندی و مەزاجەوە دابەشکراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:**

1- **کەسایەتی دەمارگیر: ئەو کەسانەن کە ڕاڕان و زوو هەڵدەچن و بێتاقەت و خەمۆکن.**

2- **کەسایەتی سۆزداری: کەسانی دورەپەرێز و شەرمن و هەستیار و دڵتەنگ و دەروون پاکن.**

3- **کەسایەتی تووڕە: کەسانی کۆمەڵایەتی و کەیفخۆش و زێدەڕۆن لە سۆز و خۆپەرست و سیاسین و حەز بە دیارکەوتنیش دەکەن.**

4- **کەسایەتی خۆپەرست: کەسانی کۆمەڵایەتی و زانستی و واقعی و سەرکردە و زۆر خۆپەرست و دەستقوچاو و ترسنۆك و درۆزنن و حەز لە مێژووش دەکەن.**

5- **کەسایەتی خوێنی: کەسانی کۆمەڵایەتی و لەسەرخۆ و ئازاد و ڕەخنەگر و گاڵتەجار و بابەتی و نەرم و دیپلۆماسی و خۆپەرستن.**

6- **کەسایەتی لیمفاوی: کەسانی بابەتی و بیرقووڵ و زیرەك و ڕاستگۆ و ئازا و بە ورەن.**

7- **کەسایەتی نادیار: کەسانی لەسەرخۆ و بابەتی و کەم سۆز و بێتاقەت و خۆپەرست و ڕاستن.**

8- **کەسایەتی زۆڵ (المتبلد): ئەو کەسانەن کە مەزاج توند و بیروڕا نەگۆڕ و کەم قسە و ئابووری و پارێزگار و دوورە پەرێزن.** (أنس شكشك :50:2009).

**بێگومان گەیشتن بەم زانیارییانەی تاك لە ڕێگای زمان و خوێندنەوەی هەڵسوکەوتەکانیان بووە کە لەم باسەدا هەوڵدەدەین بیخەینەڕوو.**

## 4- دروستبوونی کەسایەتی و کارتێکەرەکانی:

**جیاوازی لە کەسایەتییەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی، کەسی و دەوروبەری** (كامل محمد محمد عويضة:40:1996):

A- **کەس:**

**تایبەتمەندییە کەسییەکان دەگرێتەوە لە چەند لایەنێکەوە لەوانەش:**

**أ- لایەنی جەستەیی:**

**کاریگەرییەکی تەواوی بەسەر کەسایەتییەوە هەیە جیاوازی تاکەکان وادەکات کەسەکە لە ڕەوشت و هەڵسوکەوت جیاوازبن. دروستی جەستەیی وا لە مرۆڤدەکات کە بڕوای بەخۆبێت بە پێچەوانەشەوە دوورەپەرێزی و گۆشەگیری و کەمتەرخەمی لێ دەکەوێتەوە هەندێکجاریش کەموکوڕییەکە بەرەوشتی تر پردەکاتەوە وەك (تەیموری لەنگ و ناپلیۆن)** (سەرچاوەی پێشوو:87).

**کاریگەری بۆماوەیی ودەروونی یەکێکە لەو ڕەهەندانەی کە کاریگەرییان بەسەر کەسەوە هەیە و لە ڕێگای کرۆمۆسۆمەکانەوە لە دایك و باوك و خانەوادەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسەکان بەشێکی نەگۆڕ لە کەسایەتی تاك پێکدێنن، بەڵام ئەگەری گۆڕان و ڕاستکردنەوشی هەیە، چونکە دەتواندرێت بگۆردرێت لەژێر پاڵپەستۆی هەندێك کاریگەری.(احمد زکی صالح:33:1972) لەوانەش:کاریگەری جەستەیی کە گەشەی جەستەیی و تەندورستی گشتی و بەرگری لە نەخۆشییەکان.هتد و دیارخەرە جەستەییەکانی تایبەت وەك کورتی و درێژی و قورسی و سووکی کێشی لەش و کەموکورتی ئەندامی لەش لە ناوەوە و دەرەوە....هتد. (سەرچاوەی پێشوو:34) کە هەموویان کاریگەریان هەیە لە بنیاتی کەسایەتی.بۆ نموونە لەکۆمەڵگای کوردیدا هەندێ نازناوی تایبەتیان بۆ دانراون وەك:قوتە بۆ کورتە باڵا و شەلە و گۆجە بۆ ناتەواوی قاچ کۆرە بۆ ناتەواوی چاو و...هتد.هەریەك لەم نازناوانەش پاڵە پەستۆیەکی دەروونی دەخاتەسەر کەسەکە و گۆڕان لە کەسایەتی دەکات.**

**تەوژمی خوێن کاریگەری لەسەر ڕەوشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤەوە هەیە، بۆ نموونە تەوژمی بەرز وا لە خاوەنەکەی دەکات کەم بخەوێت و زۆر بیربکاتەوە و زوو هەڵبچێت، بە پێچەوانەشەوە خاوەن کەسایەتی تەوژمی نزمی خوێن سارد و خاوەن و لە کردە هۆشەکییەکانیشدا ورد نین و درەنگ هەڵدەچن، هەروەها گلاندەکانیش کاریگەرییەکی زۆرییان هەیە لەسەر ڕەوشتی تاك، بۆ نموونە گلاندی دەرەقی** Thyroid **ئەگەر سست بێت ئەوا دەبێتە هۆی قەڵەوی و ئەمەش وا لە کەسەکە دەکات خاو و سست بێت وتوانای بیرکردنەوە و چالاکی کەمبێت.بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ئەم گلاندە زیاد لە پێویست ڕژێن دەربکات ئەوا کەسەکە هەست بە نائارامی دەکات و زوو دەوروژێت و خەوی کەم دەبێت و ژمارەی لێدانی تر پەی دڵیشی زیاد دەکات، بەڵام گلاندی نخامی** Pituitary **کە پەیوەستە بە گەشە و کەمی ڕژێنی ئەم گلاندە مرۆڤ تووشی کورتە باڵایی دەکات و زیاد لە پێویست ڕژانیشی تووشی باڵابەرزی دەکات. پوکانەوەی ئەم گلاندە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکە دوورە پەرێزبێت و ئارەزووی تێکەڵاوی نەبێت و خەمۆك و نیگەران بێت،زیادەیەکی کەمیش لە ڕژانی ئەم گلاندە زیانبەخش نییە، بەڵکو خاوەنەکەی کەسێکی بەهێز و دەروونپاکی لێدەردەچێت (أنس شكشك :91:2009).**

**گلاندی توخمی بە هەمان شێوە کاریگەری بەسەر باری دەروونی و کەسایەتییەوە هەیە،کەمی ڕژاندنی ئەم گلاندە ڕژێنە لای پیاو دەبێتە هۆی ئارامی کەسە و لە هەمان کاتیشدا شەرمن و دوورە پەرێزن،ئارەزوو و سۆزیان بۆ ئافرەت کەمە زیاتر بایەخ بە جل و بەرگیان دەدەن بەڵام کەمی ڕژێنی ئەم گلاندە لە ئافرەت دەبێتە هۆکاری ئەوەی توورە و توند بێت و زۆر گلەیی بکەن (سەرچاوەی پێشوو:92).**

**گلاندی ناوکی ئەدریناڵینی** Adrenal **کە هۆرمۆنی ئەدرینالین دەردەکات و ئامادەباشی بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسی ڕێکدەخات و گلاندی توێکڵی ئەدریناڵینی ئەگەر زیاد لە پێویست بڕژێت ئەوا کەسەکە تووشی نەخۆشی خەمۆکی دەکات کەمی ڕژاندنی ئەم گلاندەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کێشی کەمبێت و ئارەزووی چالاکی نەبێت.زیاد لە پێویست ڕژانی ئەندرۆجین لە ئافرەتدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئافرەتە وەك پیاو بێتە بەرچاو و تووکی لەشی زۆربێت و تووکی سەری کەمبێتەوە ئەمەش وا لە ئافرەت دەکات هەست بەکەمی بکات لەناو هاوڕێکانی بۆیەش کار لە دەروونی دەکات و ناتەواوییەکی بە جوێن و دەستدرێژی و.....هتد. پردەکاتەوە.**

**پەنکریاسیش لەم گلاندانەیە کە ڕێژەی شەکرە لە مرۆڤ ڕێکدەخات و کاریگەری بەسەر دەروونی تاکەوە هەیە،بۆ نموونە ڕژاندنی زۆری ئەنسۆلین وادەکات مرۆڤ هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ بکات و ئاڵۆزبوونی بیر و توورەیشی پێوەدیاردەبێت (سەرچاوەی پێشوو:93)**

**ب- توانای کەس:**

**توانا و شارەزایی لە زانینە وەرگیراوەکانی وەك زیرەکی و بیرکردنەوە و بۆچوون و توانستە زمانییەکان و توانستەکانی تری وەك شیکردنەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتن.....هتد.کاریگەرییان لەسەر کەسایەتی تاك هەیە ، چونکە دەتوانێت خۆی لەگەڵ دەوروبەرەکەی بگونجێنێت و بەشێوەیەکی دروست هەڵسوکەوت بکات،هەربۆیەش دەرکەوتووە زوربەی زانا و داهێنەرەکان لە ئاستی زیرەکی بەرزدابوونە و بە پێچەوانەشەوە کەسانی تاوانکار و لادەرەکان لە ئاستێکی نزمی زیرەکی بوونە** (کامل محمد محمد عویضة:89:1996).

**ج- مۆد** Mood :

**مەزاج کۆمەڵێك تایبە تمەندی فیسیۆلۆجییە کە کاریگەری دەکاتە سەر رەوشت،لە ئە نجامی پێکهاتەی کیمیاوی جەستەی مرۆڤ ئەو ئامادە باشییەیە تارادەیەك جێگیرە و پەیوەندی بە باری دەروونی و دەمارییەوە هەیە،هەروەك دەبینین لەژیانی رۆژانەماندا کەسانێك هەن زوو تووڕە دەبن و کەسانێکیش هەن دەتوانن هەڵچوونەکانیان کۆنترۆڵ بکەن** (سەرچاوەی پێشوو:92).

**د- رەوشت :**

**رەوشت و هەڵسوکەوتی تاکیش رۆڵی خۆی هەیە لە بنیاتی کەسایەتی،ئەگەر چی زۆرکەس وادەزانن رەوشت بریتیە لە کەسایەتی، بەڵام تەنها لایەنێکی کەسایەتی تاك دەگرێتەوە،ئەمەش پەیوەندی بەو دەوروبەرەوە هەیە کە تیایدا دەژیت،بەم پێیە رەوشت بەرهەمی ئاوێتەبوونی هۆش و مەزاج و دەوروبەرە.** (سەرچاوەی پێشوو:98)

B- **دەوروبەر:**

**ئەو دەوروبەرەی کە تاك تیایدا دەژیت رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دروستبوون و بنیاتی کەسایەتی دا،کە تیایدا فێری داب و نەریت و رەوشت و دان بەخۆداگرتن دەکرێن تاببنە ئەندامێکی کۆمەڵگا**(عدنان یوسف حتوم:152:2010) **جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان ئەو کەسانەی کە لە بیابان یا ناوچەی شاخاوی یان لە شار دادەنشین،ئەمیش لەبەر چەند هۆکارێك وەك باری ئابووری خێزان کە رەنگدانەوەی لەسەر دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان هەیە، هەروەها بارودۆخی خێزانیش کاریگەری خۆی هەیە و کەسایەتی ئەندامانی خێزانێکی پتەو جیاوازە لەگەڵ ئەندامانی خێزانێکی هەڵوەشاوە،چونکە کەسایەتی دایك و باوك پەیوەندی نێوانیان و پەروەردەیان کاریگەری بەسەر کەسەوە هەیە** (احمد زکی صالح:34:1972) **سەرەرای ئەمەش کەلتوور و شارستانیەت و هوشیاری تاك و پەروەردە و فێرکردن و دەوروبەری کۆمەڵایەتی و رێگاکانی هەڵس وکەوت و نەخۆشی و برسێتی و رۆشنبیری تاك و....هتد.کاریگەرییان بە باشی و خراپی لەسەر کەسایەتی تاك هەیە و شوێنی تاك لە بواری کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئابووری و ئاینی دەردەخات.**(عبدالقادر عبدالجلیل:79:2006).**تاك لە ناو کۆمەڵدا کاریگەری و پاڵە پەستۆی کۆمەڵی لەسەر دەبێت و بەمەش رێز لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێت بۆ ئەوەی خۆی بگونجێنێ لەگەڵ ئەو پایە کۆمەڵایەتییەی کە پێیدراوە،تا ببێتە جێگای رەزامەندی کۆمەڵگاکەی ،ئەمەش جۆرە ئاسودەییەکی لا دورست دەکات،تاك لەناو کۆمەڵدا سێ هۆکار کار لە کەسایەتی دەکات:**

**أ-جۆری ئەوکارەی کە دەیکات، ئەگەر کارەکەی لەگەڵ ویست و ئارەزووی یەك نەبێت ئەوا کار لە کەسایەتی دەکات و بە پێچەوانەشەوە.**

**ب- چۆنییەتی بەسەر بردنی کاتی بێکاری، ئەگەر کاتەکەی بە چالاکی مۆسیقی و هونەری و وەرزشی بەسەر برد، ئەوا کەسایەتییەکی باش چاوەرێی دەکات.**

ج- جۆری ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان پێوەدەکات، ئەگەر کەسانی باش و خاوەن توانا بن ئەوا کار لە کەسایەتی دەکەن و بە پێچەوانەش کەسان و هاوڕێیانی خراپ لە ڕێگای لادەن.(احمد زكى صالح :35:1972).

کەسایەتی هەر بە پاڵە پەستۆی کۆمەڵ دورست نابێت، بەڵکو بەم رۆڵ و ئەرکەش دورست دەبێت کە لەناو کۆمەڵ بۆی دیاریکراوە لێرەدا کەسایەتی وەك ئەوەیە کە کەسەکە دەیەوێت، لێرەدا کەسەکە خۆی جۆرە کەسایەتییەك هەڵدەبژێرێت کە خۆی دەیەوێت. دەروونناس ( ئەدلەر ) وا ی لێکدەداتەوە کە پەیوەندی بە ( من ) وە هەیە کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت کە جۆرە کەسایەتییەکی دیاریکراوی هەبێت، شایەنی ئەوە بێت بە نموونە بەرزەکەی بگات، جا کەسەکە لاسایی ئەو جۆرە کەسانە دەکاتەوە کە پێی وایە دەیگەیەنێتە قۆناغی هێز و کەموکورییەکانی پردەکاتەوە، ئەم ئامانجی گەیشتن بە تواناو هێزە لای هەموو کەسێك بە پلەی جۆراوجۆر هەیە، لێرەدا پێویستە جیاوازی لە نێوان کەسی ئاسایی و دەماری بکەین، یەکەم هەوڵدەدات گونجاندنێك لە نێوان داواکاری نموونە بەرزەکەی و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی بکات، واتە کەسایەتی یەکەی رۆڵی نێوەند دەگێڕێ، کەچی دووەم هەوڵدەدات کار لە بارودۆخە دەرەکییەکە بکات، بیرەکەی دەکاتە پەناگە لە بری ئەوەی بیکاتە هۆیەکی جێبەجێ کردن(أنس شكشك:33:2009). کەسایەتی دەتوانێ جۆرێکی میانرەو پێکبێنێ بۆ ئەوەی کێشەکانی لە رووی دەرەوە چارەسەر بکات، جا لێرەدا کەس خۆی لە نێوان دوو پاڵنەر دەبینێتەوە:

1- خۆی دەشارێتەوە لە راستی ئەو بارودۆخەی کە تێیدایە، لە ئاستی بە ئاگایی بۆ دەسکەوتێکی کاتی و دیاریکراو خۆی وانیشانبدات کە خاوەن ویژدانێکی پاکە.

2- ئەو راستیەی کە لێی دەترسێ خۆی لێدەشارێتەوە، ئەمەش بەندە بە پابەند بوونی بە هەڵوێستێکی نەگۆر یان ئەندێشەیی میانڕەو (سەرچاوەی پێشوو:33).

لێرەدا تێبینی فرە هەڵوێستی بیری و رەوشتی دەکرێت لای هەندێ کەس وەك بەرژەوەندی و رێز و شەرم و غەم..هتد بۆ ئامانجێکی دیار یان پابەند بوونێك بە پێوەرێکی رەسمی لێرەشدا ستەمە میانرەوی و ئینتیهازی جیابکەیتەوە، جگە لەمەش هەندێ کەس پابەند دەبێت بە جۆرێك لە رەوشت و کەسایەتی لەژێر فشاری کۆمەڵێك تاخمێك یان دەستەیەك بۆ بەدەست هێنانی دەستخۆشی خەڵك، کەچی لە بنچینەدا خۆی وانیە و هەڵسوکەوتەکانیشی لە بیروباوەرییەوە هەڵنەقوڵاوە هەربۆیەش لەناو کۆمەڵدا بە کەسانی دووڕوو ناسراون.

## 5- ئەدگارەکانی پێکهاتەی سروشتی تاك:

رەوشتی تاك لە رێگای چوار کردە ی دەروونی ئارستە دەکرێت و کاریگەرییان هەیە لەسەر هەڵسوکەوتی تاك و زمانەکەی لەوانەش:

أ- بیرکردنەوە:

ئەم ئەرکە وا لە مرۆڤ دەکات کە بیر بکاتەوە و گفت وگۆ لەسەر باس و خواسەکان بکات و هەڵیان سەنگێنێت و بیر لە هۆکار و ئە نجام ئامانج بکاتەوە و بەدوای راستییەکاندا بگەرێت.

ب- سۆزداری:

پێکهاتەیەکی سەرەکی کەسایەتی تاکە و وا لە مرۆڤ دەکات بێلایەن نەبێت لەوەی کە دەیبینێت بۆ نموونە ئێمە کەموکوڕی ئەو کەسە نابینین کە خۆشمان دەوێت بە پێچەوانەشەوە ئەوەی رقمان لێدەبێتەوە کەموکوڕیەکانی تێبینی دەکەین.

ج- هەستکردن:

عبدالواحد مشير محمود دزەیی (2010) ڕۆڵی زمان لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی تاکدا، گۆڤاری (زانکۆی سلێمانی (B ژمارە (30) بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

**هەستکردن بە خۆشی و چێژ وەرگرتن لە ناخی مرۆڤ وا لە تاك دەکات بە دوای ویست و ئارەزووەکانی بکەوێت.**

**د- ئەدگاری مرۆڤ:**

**هەندێ تایبە تمەندی و ئەدگاری مرۆڤ هەن کە کاریگەری لەسەر تاك هەیە لەوانەش زیرەکی و وردی و زوو درکپێکردن و ....هتد.** (سەرچاوەی پێشوو:47).

**ئەو ئەدگارانەی کە شێوەی کەسایەتی دیار دەکات سیانن کە بریتین :**

**أ- هەڵچوون:**

**بارێکی تێکچوونی دەروونی مرۆڤە لە رووی دەروونی و جەستەیی، کەسانی هەڵچوو ئەو کەسانەن کە شلەژانیان بەهێزە و هەڵسوکەوتیان توندە بەواتایەکی تر گونجانێك نییە لە نێوان رووداو و کاردانەوەکان وەك ئەوەی کە یەکێك بگرییێت و ئەوەنەهێنێت کە بۆی بگرێت یان پێبکەنێت و ئەوە نەهێنێت بۆی پێبکەنێت ئەم جۆرە کەسانە بە تاکە وشەیەکی زۆر ئاسایی تووڕە دەبن.**

**ب- چالاکی:**

**جموجۆڵی کەس دەگرێتەوە لە ژێر کاریگەری هەندێ پاڵنەر ی خودی خۆی بە کارێك هەڵدەسێت و باوەڕی پێیەتی و بە جۆش و خرۆشەوە کارەکە ئە نجام دەدات تاکو بگاتە ئامانج.**

**ج- گەڕانەوە Rewind :**

**گەڕانەوە بۆ یادگارییەکان کاریگەری هەیە بەسەر کەسایەتیمان و یادگارییەکانیش دوو شێوە لەخۆدەگرێت دوور و نزیك، بۆ نموونە ئەگەر سووکایەتیمان بە دوو کەسکرد و یەکەمیان یەکسەر وەڵامی داینەوە و دواتریش لە بیریکرد. ئەوە گەڕانەوەی نزیکی پێدەگوترێت، بەڵام ئەوەکەی تر وەڵامی نەداینەوە و بەڵام لە بیری نەکرد و ڕەوشتی گۆڕا ویستی بەسووکایەتییەکی گەورەتر تۆڵەی خۆی بکاتەوە ئەوا پێیدەگوترێت گەڕانەوەی دوور.** (سەرچاوەی پێشوو:48) **هەموو ئەوانە بەشداریدەکەن لە پێکهاتەی دەروونی تاکە کەس و ڕەنگدانەوە یان دەبێت لەسەر زمان و هەڵسوکەوتیان.**

6-**شیکردنەوەی دەروونی تاك** Psychoanalysis :

**(فرۆید) بۆ دەرخستنی تێهەڵچوون و ناکۆکییە دەروونییەکان ناخی مرۆڤی دابەشی سێ ئاستکرد:**

1-**ئاستی ئاگایی Conceit:**

**ئەو کاررووبارانە دەگرێتەوە کە لە کاتی ئێستا لە بیریەتی.**

2-**ئاستی پێش ئاگایی: ئەو شێوینەیە کە ئەزموون و زانیاری و بیرەوەرییەکانی تیا پارێزراوە دەتوانێت بە بیر خۆیان بێنێتەوە هەرکاتەکی بییەوێت.**

3-**ئاستی بێئاگایی Unvoscious:**

**ئەو بیرکردنەوە و حەز وئارەزووە کپ و دامرکاوانەی مرۆڤ دەگرێتەوە کە لە ئاگایی مرۆڤ نەماون لە ڕێگای خەون بەتاڵیان دەکات، زانایانی دەروونناسی وارێکەوتوون کە دوو ئاستی یەکەم گرنگییەکی زۆریان نیە، بەڵام ئاستی سێیەم (بێئاگایی) گرنگییەکی زۆری هەیە لە ژیانی هەموو کەسێك، چونکە پاڵنەری بڕیار و ڕەوشتەکانی مرۆڤە** (لیلی شحرور:88:2009). **و پەیوەندی بە هەرسێ کەسایەتییەکەی لای مرۆڤ هەیە (ئەو) لایەنی بایەلۆجی دەگرێتەوە و (من) لایەنی سایکۆلۆژی و ئاگایی دەگرێتەوە و (منی باڵا) لایەنی کۆمەڵایەتی ڕەوشتی دەگرێتەوە، فرۆید پاڵنەرە غەریزەییەکانی مرۆڤی بۆ دوو جۆر دابەشکردووە:**

**أ-غەریزەی ژیان Eros:**

**پێداویستیە بایەلۆجی و دەروونییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە کە پاڵنەری پارێزگاریکردنی مرۆڤن بۆ مانەوە لە ژیان کە دوو پاڵنەر دەگرێتەوە:**

1- **پاڵنەری من:**

**بەشێوەیەکی گونجاو هەوڵی پارێزگاریکردن و شاردنەوەی پێداویستییە جەستەییەکانی مرۆڤ دەدات،کە گونجاو بێت لەگەڵ واقیع.وەك منێکی سەپێنراو و باڵا خۆی دەنوێنێ و دەکەوێتە ئاستی بە ئاگایی مرۆڤ.**

2-**پاڵنەری لیبیدۆ Libido:**

**دەربڕی هەموو ئەو چێژا نەیە کە مرۆڤ لە خۆشەویستی بۆ خۆی یان بۆ خەڵکێکی دیکە دەیانوێنێ ئەمەش دەکەوێتە ئاستی بێ ئاگایی و ئەو نوێنەرایەتی دەکات.**

**ب-غەریزەی مردن Tanatos:**

**هەموو ئەو ئارەزووانە دەگرێتەوە کە هانی مرۆڤ دەدەن بۆ ئەوەی وێنەیەکی شەرانگێزانە بکێشێ، مەبەندی ئەو غەریزەیە ئاستی بێ ئاگاییە کە کەسایەتی ئەو نوێنەرایەتی دەکات.فرۆید پێی وابوو کە غەریزەی لیبیدۆ وزەیەکی رەگەزبازییە تەنها بۆ بەرامبەر ئاراستە دەکرێت،بەڵام دواتر تیۆرەکەی راستکردەوە بەوەی هەندێ جار بۆ خودی خۆشی دەگەرێتەوە.جا خۆشویستنی خۆی ناونا(نیرجسنزم) ئەوانەی لە ئازاردانی خەڵکیش چێژ وەردەگرن ناوی نا(سادیزم).فرۆید پێی وابوو لە ئەنجامی ململانێ ی نێوان هێزی (من) و (ئەو) جۆرە تێکهەڵچونێك لە باری دەروونی مرۆڤ روودەدات ئەمەش دەرهاوێشتەی ئەو ویستە کپکراوانەیە کە ناتوانرێت بە ئەندازەی پێویست لە رێگای خەون دا بمرکێتەوە.فرۆید کەسایەتی مرۆڤ دابەشدەکاتە سەر سێ بەش:**

**أ-ئەو Id:**

**لایەنی بایەلۆجی مرۆڤ دەگرێتەوە و بە کۆگای وزەی دەروونی مرۆڤ دادەنرێت کە لەگەڵ لە دایکبوونی مرۆڤ لە دایك دەبێت و گشت ئەدگار و ئارەزووە خۆرسکەکانی مرۆڤی هەڵگرتووە،ئەم لایەنە پەیوەستە بە بێ ئاگایی لە ژێر هەلومەرجی چێژ کاردەکات و فەرامۆشی لۆجیك و رێساکۆمەڵایەتی و کات و شوێن دەکات هەرچی ویست و ئارەزووی مرۆڤ هەیە لەم بەشەدا خۆی مەڵاس داوە کە لە رێگای لە بیرچوون و خەوبینین و نووسین خۆی خاڵی دەکاتەوە.**

**ب-من Ego:**

**لایەنی سایکۆلۆجی مرۆڤ دەگرێتەوە لەگەڵ تێکەڵبوونی مرۆڤ و ژینگە دورست دەبێت،واتە لە تەمەنی یەك دووساڵی دورست دەبێت،ئەم بەشە دەکەوێتە نێوان داخوازییەکانی جیهانی دەرەوە سەر بە (ئاستی ئاگایی)یە بە پێی هەلومەرجی واقیعی کاردەکات. (احمد یحیی الزق:2006:249).من لە ژێر ئەرکێکی سەخت و دژواردا داخوازییەکانی سێ زلهێز رێکدەخات کە داواکارییەکانیان دژوناکۆکن جا هەر ناهاوسەنگییەك لە داخوازییەکانی ئەم سێ زلهێزە رووبدات مرۆڤ تووشی گرفتی دەروونی دەکات،هێزەکانیش بریتییە لە (ئەو،منی باڵا،من) (من) بۆ رازیکردنی داواکانی جیهانی دەرەوە بەم شێوەیە مامەڵە دەکات:**

1- **دوور دەکەوێتەوە ئەگەر کارتێکەرە دەرەکییەکان بێسنوور و ترسناکبوون.**

2- **خۆی دەگونجێت ئەگەر کاریگەری دەرەکی شیاو بێت.دەسکاری دەکات ئەگەر بەزیان بەسەرخۆی دا بشکێتەوە (محمد احمد نابلسی:1988:47).**

**(من) بەم شێوەیە رەفتار لەگەڵ داخوازییەکانی (ئەو) دا دەکات:**

عبدالواحد مشير محمود دزەیی (2010) ڕۆڵی زمان لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی تاکدا، گۆڤاری (زانکۆی سلێمانی (B ژمارە (30) بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

1- جێبەجێ ی دەکات ئەگەر گونجاو بوولەگەڵ جیهانی دەرەوە واتە سەرزەنشتی لای مرۆڤ دورست نەکرد.

2- دوای دەخات ئەگەر کات و شوێنی داواکارییەکان دورست نەبوو.

3- ڕەتی دەکاتەوە ئەگەر داواکارییەکان شوێنی خۆیان بەزاندبوو (سەرچاوەی پێشوو:47).

پەیوەندی نێوان (من) و (منی باڵا) ش بەم شێوەیە یە:

1- هەست بە خۆشی دەکات ئەگەر ویستی خراپی لە لادروست نەبوو.

2- هەست بە دڵە ڕاوکێ دەکات ئەگەر بزانێ کاریگەری دەرەوە و داواکارییەکانی ئەو روو لە زیادبوون دەکەن.

(من) پارسەنگکردنی هەموو ئەو فشارە دژیەکانە بۆ خۆگونجاندنی مرۆڤـە لەگـەڵ دەوروبـەر، جا ململانێـی ی نێـوان پێداویستییە ناکۆکەکانی ناوەوەی مرۆڤ، پێویستی بە(من) ێکی بەهێز هەیە، بۆ ئـەوەی سـەربەخۆی و ئـارامی خـۆی بپارێزێت.

ج- منی باڵا **Super Ego**:

لایەنی ئاکار و ڕەوشتی کەسایەتی مرۆڤ دەگرێتەوە کە بە گوێرەی بنەمای ڕەوشت کاردەکات. هەرکاتێ مرۆڤ بـیری لـە کاری خراپکردەوە یان کاری خراپی ئەنجامدا ئەم بەشەی من دووچاری گرفت دەکات. منی باڵا لە دوو بەش پێکهاتووە:

1- ویژدان **Conscience**:

ئەو هێزەیە کە سەرزەنشتی (من) دەکات ئەگەر کارێکی نەشیاوی کرد ئەوا هەستی تاوانباری لا دورست دەکات.

2- منی نموونەیی **Ego-ideal**:

ئەو هێزەیە کە پێشنیاری لاساییکردنەوەی ئـەو شـتانە دەکـات کـە بـۆ(من) دورسـت و گونجـاون جـا هەرچـەندە داخوازییەکانی (ئەو) و(منی باڵا) لە ڕووی توند و دژوارییەوە هاوتەریبن، بەڵام (منی باڵا) زۆر سەر سەختانە مامەڵـە لەگەڵ من دەکات بۆ سەرکوتکردنی داواکانی ئەو، چونکە(منی باڵا) لە ئەنجامی بەهێزی پەیوەنـدی لەگـەڵ جیهـانی دەرەوە زیاتر زاڵبوونی خۆی دەسەلمێنێت (احمد یحیى الزق:1998:249).

## 7- تاقیکردنەوەکانی دیاریکردنی کەسایەتی:

هەڵسەنگاندنەکانی کەسایەتی بەچەند ڕێگایەك دەکرێت وەك:( تێبینیکردن، چاوپێکەوتن، ڕاپۆرتی خودی، چـوونە ناوناخ، خەواندن،......هتد) (أنس شكشك:2009:63) و لە دوو گۆشە نیگاوە هەڵدەسەنگێنرێن لایەنی جەسـتەیی وەك (کورتی و درێژی و لاوازی و قەڵەوی و باری دەموچاو تەواوی ئەندامەکان و ڕەنگ و شێوە و.....هتـد. لایـەنی دووەمـیش ناخی کەسەکەیە دەدرێتە بەر لێکۆڵینـەوە کـە بیرکردنـەوە و ڕەوشـت و بـاری دەروونـی و هەسـت و هەڵوێسـت و لـەم هەڵسەنگاندنانە دەردەخەین لە ڕێگای زمانەکەیـەوە کـە سـوود لـە دەربڕینـەکان وەردەگرێـت، بۆ دەستنیشـانکردنی کەسایەتییە کان، ئێمە لێرەدا باس لە(3) تاقیکردنەوە لەم تاقیکردنەوانە دەکەین کە باوترین ڕێگای تاقیکرنەوە و هەڵسەنگاندنی کەسایەتی مرۆڤن بۆ دەرخستنی تایبەتمەندییە کانی کەسایەتی کە بریتین لە:

1- ڕاپۆرتی خودی:

ئەم تاقیکرنەوەیە لە ڕێگای فۆرمێکەوە دەکرێـت کـە لـە ڕێگـای چـەند پرسـیار و وەڵامێکـدا ئەنجامـدەدرێت بـۆ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی کەسایەتی و هەڵس و کەوتی کە بە (ڕاسـت – چـەوت) یـان( بـەڵێ – نـەخێر) وەڵام دەدرێتەوە (عبالحمید محمد علی و هیتر:2010:27) لە نێو ئەو وەڵامانەی کـە بـۆی دانـراوە یـەکیان هەڵدەبژێرێت، ئـەم وەڵامانەش دوو جەمسەر و نێوانیان دەگرێتەوە کە لەسەر بنـەمای پێوانـەی واتـا بنیـات نـراوە وە ئـەو کەسـەی کـە پرسیارەکانی ئاراستە کراوە سەربەستییەکی تەواوی هەیـە لـە وەڵامدانـەوە و دەربڕینـی بـیروڕاو هەڵوێسـتی، ئەم

**تاقیکردنەوانە سیمایەك یان دیاردەیەك یان زیاتر دەپێون و لەسەر بنەمای ڕا پۆرتی خودی کەسەکە ئە نجامدەدرێت بەمەبەستی وەرگرتنی زانیارییەکی دیاریکراو لەسەر کەسایەتی و ڕەوشتی و کاریگەری کردنە سەری (أنس شكشك:63:2009) بۆ نموونە چەند پرسیارێکی وا دەکرێت :**

**س/ کاتێك کە زۆر بە دیقەت و وریایی خەریکی کارێکی و ئەو کاتەش یەکێك دەتپچرێنێ چی دەکەیت؟**

**وەڵام/ أ-بە ئاسایی وەردەگریت.**

**ب-تووڕە دەبیت.**

**ج-ئاسایی دەبیت (نەتووڕە و نە پێخۆش).**

**ئەم پرسیارە بۆ ڕادەی هەڵچوونی کەسەکە دەکرێت.ئەم پرسیارانەش بە پێی جۆری پێوانەی کەسایەتی دەگۆڕێت، بۆ نموونە پێوانەی (بڕوا بەخۆبوون) جیایە لە پێوانەی (پەیوەندی کۆمەڵایەتی) یان (هەڵچوون)، کەواتە توێژەر ئەم پرسیارانە بێمەبەست ناکات، وەڵامەکانیش واتای تایبەتی خۆی هەیە لای توێژەر و سوودی لێوەردەگرێت بۆ دیاریکردنی کەسایەتی.**

<u>2- **چاوپێکەوتن :**</u>

**ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە زۆر بڵاوە و ڕووبەڕوو ئە نجامدەدرێت و چەند گوتنێکی پرسیاری ئاراستەی بەرامبەر دەکرێت بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری دەستنیشانکردنی کەسایەتی و نەخۆشی و.... هتد. ئەم تاقیکردنەوەیە جێگای بایەخی زمانەوان و دادوەر و پزیشك و....هتد.کە بۆ زۆر مەبەستی جیا سوودی لێوەردەگیرێت،کە تیایدا ڕاستەوخۆ تێبینی شێوەی قسەکردن و هەڵسوکەوت و ئارەزووەکانی دەکرێت (سەرچاوەی پێشوو:63) جگە لەمەش ئەو هەڵسوکەوتە بێویستانەشمان بۆ دەخاتە ڕوو وەك:گۆڕینی باری دەموچاو و ئاوازەی قسە و جولانەوەی دەست و پە نجە و.....هتد.کە زانیاری ناڕاستەوخۆی زۆرمان پێدەبەخشن و سوودمەندە بۆ تێگەیشتن لە ناخ و خوێندنەوەی کەسەکە.**

<u>3- **هەڵڕشتنی ئازاد:**</u> Free Association

**ڕەوشتی مرۆڤ تەنها بنەما هەست پێکراوەکان ناگرێتەوە، بەڵکو هەندێ بنەمای ناهەستپێکراو و بێویست هەیە کاریگەری دەکاتە سەر ڕەوشت و هەستی (سەرچاوەی پێشوو:62) ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە لایەنگرانی قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی بەکاریدێنن لە ڕێگای (**Free Association**) پەیوەندی ئازاد (بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی دەروونی مرۆڤایەتی و ناکۆکییەکانی ناخی و ئەو پاڵنەرانەی کە ئاراستەی دەکەن، ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە سوود لە سێبەرە واتاییەکانی وشە وەردەگرێت بۆ گەیشتن بە کەسایەتی قسەکەر، شیکەرەوەی دەروونی چەند پرسیارێك ئاراستەی کەسی داواکراو دەکات لەڕێگای چەند وروژێنەرێکەوە دوای بەیەکەوە هاتن و پەیوەندی بە وشەی ترەوەیان لێدەکرێت بۆ نموونە (سەر- پرچ) (چاو- برۆ)..... هتد، لە ڕێگای ئەم ڕاکێشکردنە کەسی بەرامبەر زمانی دەخلیسکێت و ڕووی ڕاستەقینەی خۆی و نهێنییە شاراوەکانی ناخی دەردەکەوێت، ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە جگە لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی و نەخۆشییە دەروونییەکان زۆرجاریش بۆ دەرخستنی تاوان بەکاردێت لە ڕێگای پرسیارکردن لەو ئامێرانەی کە تاوانەکەی پێ ئە نجام دراوە. لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ڕەچاوی کات و خێرایی وەڵامدانەوە دەکرێت و هەر لە ڕێگای وەڵامەکانیشەوە دەتوانین بڕیار لەسەر تۆمەتبارکردنی یان بێتاوانی کەسەکە بدەین (احمد عزت راجع: د-ت:158). وەك ئەم نموونەیەی خوارەوە (داوا لە کەسێك دەکرێت کە ئەم وشانەی کە دەگوترێت پەیوەندی بە چیەوە هەیە، بەڵام چەند بە خێرایی وەڵام بدەیتەوە باشترە) وەك:**

| **وشەی وروژێنەر** | **وەڵام** | **کاتی خایەنراو** |
|---|---|---|

عبدالواحد مشير محمود دزەیی (2010) ڕۆڵی زمان لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی تاکدا، گۆڤاری (زانکۆی سلێمانی (B ژمارە (30) بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەریا | ئاو | 1.4 | چرکە |
| خوری | ڕستن | 1.6 | چرکە |
| مەرەکەب | ڕەش | 5 | چرکە |
| چەقۆ | کوشتن | 0.4 | چرکە |

**لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە تاوانبار چەقۆی بۆ کوشتن بەکار هێناوە، چونکە بێویست و ئاگایی لە ماوەیەکی کەم وەڵامی دایەوە. و هاوڕێیەتی نێوان ( چەقۆ ) و ( بڕین ) ی بەزاند و ( چەقۆ ) و ( کوشتن ) ی لەگەڵ یەك بەکارهێناوە.**

## بەشی دووەم : ڕۆڵی زمان لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی :

### 1- **زمان و کەسایەتی** Language & personality :

**یەکێك لە ئەرکەکانی زمان ئەرکی کەسایەتی و ویژدانییە کە تاك لە ڕێگای زمانەکەیەوە هەست و سۆز و بیروباوەڕ و هەڵچوون و ئارەزووی تیا ڕەنگدەداتەوەبە جۆرێك دەبێتە ناسنامەیەك بۆتاك ( عدنان یوسف حتوم:262:2010 )، پەیوەندی نێوان زمان و تاك لە دوو تەوەرەدا خۆی دەبینێتەوە ( کات و جۆر ) و بە کۆمەڵبوونی زمان هەروەك ڤندریس پێیوایە وێنەیەکی نموونەیی زمانە و خۆی دەسەپێنێ بەسەر هەموو تاکەکان لە یەك کۆمەڵدا ( عبدالقادر عبدالجليل:78:2006 ). زمان ناسنامەی تاك وکۆمەڵە و زمانیش پێکدێت لە فۆرم و واتا، دەربڕینەکان سەرچاوەی زانیاریە بۆ زۆر بواری جیاجیای وەك دادگاو دەرخستنی تاوان بواری لێکۆڵینەوەی دەروونی و تەندرووستی و.....هتد یەکێ لە ئەرکەکانی زمان ئەرکی دۆزینەوەیە ( function heuristic ) ( جمعە سيد يوسف:24:1990 ) لەوانەش شیکردنەوە Analysis و دیارخستنی کەسایەتی تاکە کە دەچێتە خانەی زمانەوانی دەروناسی، چونکە گوتنەکان ڕەنگدانەوەی ڕەوشتن ( WillisEdmonson:1981:4 ) واتایەکمان دەداتێ ئەم جۆرە واتایەش لە نێوان ( سیمانتیك و پراگماتیك ) دا خۆی دەبینێتەوە، چونکە سوود لە هەموو جۆرە هێمایەکان وەردەگرین و نێوان ڕستەکان دەخوێنینەوە و زۆر شتی شاراوە دەدۆزینەوە بێ ئەوەی درکی پێبکات دانی پێدادەنێت.**

**ئێمە ڕاستەوخۆ ناتوانین بگەینە ناخی مرۆڤ تەنها تارادەیەك لە ڕێگای هەڵسوکەوتەکانی دەتوانین کەسایەتی تاك دیاربکەین و ئاشکراشە ناشتوانین بەردەوام لە چاودێری تاکێك بکەین و جگە لەمەش زوربەی زانیارییەکان لە ناخی مرۆڤدان و دەسمان نایگاتی، کەواتە تاکە ڕێگا بۆ ناسینی کەس و دەستنیشیکردنی کەسایەتی وەڵامەکانی ئاخێوەرە و تێبینیکردنی هەڵس وکەوتنەکانیەتی لە کاتی ئاخاوتندا بۆ بە دەستهێنانی زانیاری پێویست. لێرەدا گرنگی ڕۆڵی زمان و واتامان بۆدەردەکەوێت بۆ دەستنیشان کردن و پۆلینکردنی کەسایەتی، چونکە لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە مرۆڤ لە کاتی ئاخاوتندا زیاتر زانیاری دەدات ڕووی ڕاستەقینەی تاك نیشاندەدرێت ئەمەش پەیوەندی بە جۆر و ڕێگاکانی دەربڕینەوە هەیە.**

**شیکرنەوەی ناوەڕۆك** content analysis **یەکێکە لەم ڕێگانەی لێکۆڵینەوە لە چەندێتی و بابەتی ناوەڕۆکی زمان دەکات سەرەتای بەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕێبازە لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن و ئەدەب بەکارهات دواتر بوارەکەی فراوانبوو، ئەم لێکۆڵینەوە یە لەسەر بنەمای پرسیاو وەڵام بەرێوەدەچێت بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە : ( کێ دەڵێ ؟ چی دەڵێ؟ بۆ کێ دەڵێ ؟ چۆن دەیڵێ ؟ کاریگەری گوتنەکەی چییە ؟ ) ( محمد حسن عبدالعزيز:45:2009 )**

**مرۆڤ لە هەموو قۆناغەکانی گەشەی ژیانی وەك منداڵی و گە نجێتی و تەواوی و پیری و هەریەك لەم قۆناغانەش تایبە تمەندی دەنگی و وشەیی و رستەیی خۆیەتی و بە ئاسانی لە ئاخاوتنەکانیدا رەنگدەداتەوە (عبدالقادر عبدالجلیل: 78:2006) و کەسایەتی خۆیمان پێ نیشاندەدات لە رێگای زمانەکەیەوە، چونکە کەسایەتی و زمان پەیوەندییەکی پتەوییان بەیەکەوە هەیە و زمان رەنگدانەوەی کەسایەتی تاکە کەسە و تایبەتییە بایەلۆجی و جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی تاك لە زمانەکەیدا رەنگدەداتەوە بەهەمان شێوەش زمانیش کاریگەری هەیە بەسەر کەسایەتی مرۆڤەوە و لە رێگای زمانەوە دەتواندرێت کاریگەری لە کەسایەتی بکرێت و ئاراستەی بگۆردرێت بەرە و ئاما نجێکی دیار. بۆ ئەم مەبەستەش مرۆڤ دەبێت سەرەتا خۆی بناسێت، بایرن (Byrns) پێیوایە خۆناسین درکپێکردنی تاکە بە ویست و ئارەزوو و توانا و پێگە کۆمەڵایەتییەکانی (Byrns:428:1984)، چونکە خۆناسینی مرۆڤ کاریگەرییەکی زۆری بەسەر هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردنییەوە هەیە. باشترین رێگاش بۆ ناسینی کەس ئەوا مامەڵەکردنە لە گەڵی کە لە رێگایەوە دەتواندرێت تێبینی هەڵسوکەوت و شێوازی زمانیان بکرێت و بەم پێیەش کەسەکە بناسین و کەسایەتییەکەی دەستنیشان بکەین.**

## 2- دەستنیشانکردنی کەسایەتی لە رێگای دەربڕین:

**مرۆڤ بۆ گەیاندنی ویست و ئارەزوو و پێداویستییەکانی کردەیەك ئە نجامدەدات کە کردەی گوتن Utterance act و دەربڕینە، لە رێگای ئەم دەربڕینەش دەتوانێت کەسی بەرامبەر بخوێنێتەوە. لە نهێنییە شاراوەکانی شارەزابێت، لە رێگای. شیکردنەوەی ناوەرۆکی دەربڕین کە بۆ زۆر مەبەستی جیاجیا بەکار دێت لەوانەش زانیاری وەرگرتن و زانیاری گەیاندن کە لە رێگای رستە و گوتنی پرس ئە نجامدەدرێت.**

**دەربڕین دوو جۆرە، بەزمانی گوتراو و بە زمانی جەستە کە هەردووکیان خاوەن فۆرم و واتان و لەوانەیە یەکتر تەواوبکەن و لەوانەشە پێچەوانەی یەکتربن، لە لێکۆڵینەوەیەکی( الان بیز) دەرکەوتووە کە 55٪ی پەیام لە رێگای زمانی جەستەوە دەگات و 38٪ لە رێگای ئاوازەی دەنگ7٪ لە وشە دەربڕاوەکا (بلال عبدالهادی :1:2005) بەمەش ئەرکی سیمانتیك 7٪ دەبێت و ئەرکی پراگماتیکیش 93٪ بۆ لێکدانەوەکانی دەربڕین. جا دەربڕینە زمانییە راستەوخۆکان لە رێگای واتای سیمانتیکی شیدەکرێتەوە و دەربڕینە زمانییە ناڕاستەوخۆ و زمانە جەستەییەکانیش لە رێگای واتای پراگماتیکییەوە.**

### A- <u>واتا دەربڕاوەکان بە زمانی گوتن Utterance:</u>

**رێگای سەرەکی پەیوەندی نێوان تاکەکان جووتە گوتنە Adjacency pairs کە بریتییە لە دوو رستە کە هەریەکەیان لەلایەن قسەکەرێکی جیاوازەوە دەگوترێ). (Richards&Schmidt:1983:137)، گوتن کە ناسنامە و کەسایەتی تێیدا دەردەکەوێت (جمعه سید یوسف:23:1990) و تاکە رێگەشمانە بۆ شارەزابوون لە نهێنییەکانی ناخی مرۆڤ، چونکە زانیارمان دەربارەی کەس دەداتێ لە کاتێکدا کە چەند گوتنێکی پرسیاری ئاڕاستە دەکرێت، گوتن ئەو زنجیرە دەنگەی قسەیە کە ئەرکی گواستنەوەی واتا دەگرێتە ئەستۆ و سەرەتاو کۆتایی بە وەستان دەبێت یەك هێزی سەرەکی هەیە (محمد علی الخولی:298:1991) گوتن دووجۆرە:**

**أ- گوتنی نموونەیی Utterance type کە خاوەن بنیاتێکی چەمکیە، جێبەجێکردنی کارەکی نموونەییە.**

**ب-گوتنی نا نموونەیی Utterance token پەیوەستە بە چەمکێکی فیزیکی دەنگی ورد، ئەگەر هەمان کەس دووبارەی بکاتەوە وەك خۆی دەرناچێت هەربۆیەش لە تیۆرەکانی پراگماتیکیدا گرنگی زۆری پێنادرێت، تەنها گرنگی بە گوتنە نموونەییەکە دەدرێت (Teun Van Dijk:1977:19).**

واتای گوتن لە دەوروبەرەوە وەردەگیرێت هەربۆیەش لە ئاستی پراگماتیکدا لێکدەدرێتەوە، توێژەریش ئەم گوتنانە لێکدەداتەوە، ڕاستی و دروستی ئەم گوتنانەش ڕێژەییە، چونکە یەکێ لە تایبە تمەندییەکانی زمان ئەوەیە کە توانای شێواندنی ڕاستی تێدایە و زۆر جار لە گەیاندنی زانیارییەکاندا ورد نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زانیاری بە سوود وەردەگرین و دەمانگەیەنێتە زۆر ڕاستی، جا سەرەرای ئەوەی کە دەربڕینەکان پەیامێك دەگەیەنن بۆ توێژەر و کەسی بەرامبەر، بەڵام زۆر زانیاری تریش هەیە کە لە پەیامەکەدا نین، بەڵام وەرگر وەیا توێژەر بە دەستیان دێنێت.

مرۆڤ لە ڕێگای چەند دیاردەیەکی زمانی ناخی خۆی دەردەخات گرنگەکانیان بریتین:

<u>1- بەکارهێنانی وشە:</u>

هەڵبژاردن و بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە لە گوتنەکانی زماندا بۆ دەربڕینی بیر و بۆچونێکە بۆ گوێگر (داود عبده 44:1984) کە ڕەنگدانەوەی بۆچوون و بیرکردنەوە کەسایەتی قسەکەرە، وشەکان جیاوازن لەگەڵ واقع وەك جیاوازی نێوان پەیکەرێك و کەسەکەیە کە کە لەزۆر ڕووەوە لەیەك ناچن، گوتنێکی وەك:

- ڕۆژێکی گەرمە.

لێرەدا وشەی (گەرمە) ئەوە نیشاندانی پلەی گەرما ناگەیەنێت، بەڵکو باس لە باری کەسێك دەکات کە گەرمایەتی و لەوانەیە کەسێکی تر ئەم بۆچوونەی نەبێت (نوال محمد عطیة:76:1975) جا لە ڕێگای ئەم وشە و دەربڕینانە هەست بە کەسایەتی کەسەکە و ڕادەی خوێندەواری و کار و پیشەی ئاخێوەر و تەمەنی دەکرێت، بۆ نموونە هەڵبژاردنی وشەی (درۆ، ناڕاست) هەریەکە کاریگەری خۆی هەیە لەسەر گوێگر و بەهەمان شێوەش کەسایەتی کەسەکە و هەڵوێستی نیشاندەدات. هەروەها بەکارهێنان و هەڵبژاردنی وشەیەك لەم وشە هاواتایانەی وەك بەکار هێنانی (خوێندکار و قوتابی فێرخواز و تەلەبە) بێمەبەست نیە، جێگای تێبینی و سەرنجە، چونکە نیشانەیە بۆ ڕەنگدانەوە ی هەڵوێستی کەسەکە.

کار و پیشە تایبەتییەك دەدات بەزمان دەبێتە ناسنامەیەك بۆ دەرخستنی پسپۆری و ڕۆڵیان لەناو کۆمەڵ هەروەك وەرزش وان و مەلاوان و ئاسنگەر و ڕاوکەر و نانەوا و....هتد. (عبدالقادر عبدالجلیل:79:2006) زۆر جار لە باری نائاسایدا دەستە و چینێك جۆرە زمانێك دێننە کایەوە بۆ ئەوەی کەسانی تری کۆمەڵگا تێیان نەگات، کە پێی دەوترێت زمانی تایبەت کە لەلایەن چین و توێژێك و دەستەیەك بەکاردێت بۆ مەبەست و ئامانجێکی دیار. ئەوەی لە نێویان و دەوروبەرەکەیان نەبێت لێیان تێناگات، چونکە وشە و زاراوەکان چەمکێکی پڕ لەنهێنی خۆیان هەیە. وەك چەتە و ڕێگرەکان و بازرگانەکانی مادە بێهۆشکەرەکان و یان باندە تایبەتییەکان، سەرەڕای ئەمانەش خاوەن پیشە و چینە تایبەتەکانی وەك هونەرمەندان و شاعیران و ڕۆمان نووسان .....هتد. هەست بە جیاوازیەکی زۆر دەکرێت لە نێوان زمانی ڕۆژانە و زمانەکەیان ئەم جۆرە وشە و زاراوە و دەستەواژانەش لای مرۆڤی ئاسایی جێگای پرسیارە، چونکە واتاکەی تەمومژاویە و لێی تێناگات و تەنها چینێکی تایبەت نەبێت، ئەم داهێنانان و لادانانەش لەخۆوە نییە، بەڵکو بۆ مەبەستی جیاجیا ئەم کارانە کراوە جا بۆ هەست دەرین بێت وەك زمانی شیعر یان بۆ ڕا پەڕاندنی کار بێت وەك خاوەن پیشەکان یان بۆ سەرلێشێواندنی بەرامبەر و نە پچڕاندی پەیوەندی نێوانیان بێت وەك باندەکانی دزی و لەشفرۆشی و بازگانییە قەدەغەکان....هتد. بۆ نموونە لە کۆمەڵگای میسری وشەی (جزمە) کە واتای (پێڵاو) دەدات لە زمانی ئاسایی، بەڵام لەنێو دەستەی دز و جەردەکاندا واتای پۆلیس دەدات. (عبدالصبور شاهین:174:1980).

<u>2-ڕێکخستنی ڕستە و گوتن:</u>

عبدالواحد مشير محمود دزەیی (2010) رۆڵی زمان لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی تاکدا، گۆڤاری (زانکۆی سلێمانی (B ژمارە (30) بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

**ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستە و گوتن شێوەی جیاواز وەردەگرن لە ئاخاوتنی ڕۆژانە بە پێی ئەو بارودۆخەی کە تیایدایە** (سەرچاوەی پێشوو:174) **و پەیوەندی بەو نەخشەیەوە هەیە کە لە مێشکی تاکی ئاخێوەردا هەیە کە بیرکردنەوە و کاریگەری هەڵوێستی تێیدا ڕەنگدەداتەوە، بەتایبەتیش ئەو ڕستانەی کە پێچەوانەی بۆچوونەکانە بۆ نموونە :**

1-**ڕۆژا هات.**

2-**هات ڕۆژا.**

**لەم دوو ڕستەیەدا ڕستەی دووەم پێچەوانەی بۆچوونەکانە، چونکە (بکەر) دوای (کار) هاتووە سەرەڕای ئەمەش ئەم دووڕستەیە لە واتادا جیان.**

**زۆرجار ئاخێوەر ئەوەی وتوویەتی ڕیزی دەکاتەوە بە شێوەیەکی تر کە لەگەڵ گوتنەکانی پێشتر جیاوازە ئەمەش جێگای سەرنج و تێبینیە لای توێژەری دەروونی، چونکە ڕێزکردن هۆکارێکە بۆ ناسینەوەی قسەی دروست لە نادروست** (تونیا ریمان:231:2009) **بۆ نموونە :**

- **نوێژم کرد ئینجا نانم خوارد.**
- **نانم خوارد ئینجا نوێژم کرد.**

**ئەگەر ئەم گوتنە بەم دوو شێوەیەی سەرەوە دووبارە بۆوە ئەوا دەبێتە جێگای گومان. جا هەر گۆرانکاریەك لە ڕیزکردنی کەرەستەکانی ڕستە و گوتن یان زانیاری کەم و زیاد یان ڕێکخستنی لۆجیکی و نالۆجیکی ئەم ڕستە و گوتنانە زانیاری دەبەخشێت بە کەسی بەرامبەر ئەو زانیاریانەش لای توێژەر جێگای سەرنج و تێبینییە و یارمەتیدەرە بۆ شارەزابوون لە کەسایەتی. جا ئەگەر دەربڕینەکان شێوەیەکی ئاساییێت و یاساکۆمەڵایەتییەکان نەبەزێنێت ئەوا دەربڕینەکە ئاسایی دەبێت هەڵویستمان جیا دەبێت لەوەی کە لە قسەکان لادەدات** Deviation **وەڵامی گونجاوی پرسیارەکان ناداتەوە، چونکە کەسی لادەر یان شێتە یان داهێنەر.**

3- **شێوازی قسەکردن:**

**شێوازی قسەکردن بەشێك لە کەسایەتی مرۆڤ دەردەخات لە ڕادەی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و پلەوپایە و پیشە و ...هتد. لەوانەش ناڕاستەوخۆی دەربڕین، بۆ نموونە ڕستەیەکی وەك:**

- **دەرمانەکانت بخۆ.**
- **دەرمانەکانت ناخۆی؟**

**جیاوازیان هەیە لە شێوازی دەربڕین هەرچەندە لەوانەیە یەك کاردانەوەی هەبێت لای وەرگر، بەڵام لە ڕێگای ئەم دوو دەربڕینە بۆمان بەدیاردەکەوێت کە خاوەن گوتاری ڕستەی یەکەم کەسێکی خۆسە پێنەر و بریندارکەرە، چونکە شێوازێکی توندی بەکارهێناوە کەچی خاوەن گوتاری ڕستەی دووەم کەسێکی هەست ناسك و بەڕێزە، چونکە لە ڕاستیدا ئەم ڕستەیە پرسیار نییە داخوازییە وەیا فەرماندانە واتە (دەرمانەکانت بخۆ)، بەڵام بە شێوەی پرسیار وەك: (بیرهێنانەوە )یەك دەربراوە بۆ نیشاندانی ڕێز. جگە لەمەش دەربڕینێکی وەك:**

1-**خزمەکانت هەموویان پێش تۆ دەمرن.**

2-**تەمەنی تۆ لە خزمەکانت درێژتر دەبێت.** ( محمد تقی زهتابی و حسین علی محفوظ:200:1987)

**ئەم دوو دەربڕینەی سەرەوە نزیکن لە واتا ئەوەی جیای دەکاتەوە کارامەیی و شێواز جوانی کەسی ئاخێوەری دەربڕینی دووەمە، بەڵام دەبینین دەربڕینی یەکەم هونەری گوتنی پێوە دیارنیە و لە قسەی کەسێکی نەشارەزا دەکات.**

عبدالواحد مشير محمود دزەیی (2010) رۆڵی زمان لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی تاکدا، گۆڤاری (زانکۆی سلێمانی (B ژمارە (30) بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

**نیشانە کۆمەڵایەتییەکان کە شێوازێکی لێکسیکی یان ڕێزمانی دیارە و بە شێوەیەکی باو بەکاردێت بۆ دەربڕینی ڕێز بەرامبەر بە گوێگر( Levinson:1997:63 ).وەك:( کاکە ، خاڵە، مامە، خوشکە، خاتوو، پورێ، دکتۆر، وەستا.... هتد ) وەك:**

**- ڕۆژگار خەریکی چیت ؟**

**- مامۆستا ڕۆژگار خەریکی چیت ؟**

**ئەم دوو دەربڕینە پرسیارێکە لە کەسێك دەکرێت بەناوی ( ڕۆژگار )، بەڵام یەك کاردانەوە لای ( ڕۆژگار ) درووست ناکات، چونکە دەربڕینی یەکەم بە شێوازێکی زبر و هەست بریندارکەر دەربڕاوە کەچی دەربڕینی دووەم بە شێوازێکی ناسك و ڕێز دەربڕاوە ئەمش بۆمان دەردەخات کە ئەم دوو دەربڕینە خاوەنی دوو کەسایەتی جیاوان لە ڕۆشنبیری و بیرکردنەوە.**

1- **جلکەکانی بابی دوو پارەی سۆربوون.**

2- **جلکەکانی بابی پە نجاهەزاربوون.**

**ئەم دوو دەربڕینە دەری دەخات کە دەبڕینی یەکەم خوێندەوار نییە و دەربڕینی دووەم خوێندەوارە، چونکە یەکەم سوودی لە هێمازمانییەکان وەرنەگرتووە و خوێندەوار نییە ئەگەر نا نرخەکەی دەزانی، بەڵام دەربڕینی دووەم، سوودی وەرگرتووە و توانیویەتی هێما زمانییەکان بخوێنێتەوە.**

**ڕێزگرتن شێوازێکی دەربڕینە و مرۆڤی ئاخێوەر بەرز دەکاتەوە کە دوو شێوە دێتە بەرچاو ( عبدالواحد مشیر دزەیی: 1146:2008 ).**

**أ- بەرزکردنەوەی بەرامبەر ونزمکردنەوەی خۆت وەك: بەڕێز، جەناب، کاك، گەورەم، قوربان، بەندەت، خزمەتکارت .......یان دەربڕینی وەك:**

**- دڵم کرایەوە.**

**- ماڵەکەت روناك کردمەوە.**

**- بەغولامت دەبم.**

**ب- نزمکردنەوەی شت وەك:**

**- ئەم خواردنە شایەنی تۆ نیە**

**- ئەم ئیشە بە کاری تۆ ناشێت.**

**جگە لەمانەش هاریکاریکردنی بەرامبەر روونکردنەوە و دەربڕینی روون و راستگۆیی کەسایەتی بەرز نیشان دەدەن. کە هەندێکیان دەچنە خانەی ( خواستنی ویژدانی ) ( داود عبدە: 13:1984 ) وەك:**

**- ماڵەکەت روناك کردەوە.**

**- گەورەت کردین.**

**- دڵم کرایەوە.**

B- **واتا دەربڕاوە نازمانییەکان :**

**زمانی گوتن و نووسین تاکە ڕێگای پەیوەندی تاکەکان نییە، بەڵکو مرۆڤ بە هەڵسوکەوت و جوڵانەوەکانیشی پەیامێك ئاراستەی بەرامبەرەکەی دەکات هەربۆیەش ئەم جوڵانەوانەوە و هەڵسوکەوتەکانە مایەی تێبینی زمانەوانان و دەروناسان..... هتد بووە، چونکە 93٪ گەیاندنی مرۆڤ لەم هەڵسوکەوتانە دایە، سەرەرای ئەوەش ئەم هەڵسوکەوتانە**

**لە ئاستی بێئاگاییدا روودەدات کە هەر ئەمیشە دەبێتە سەرچاوەی بڕیار و هەڵسوکەوتەکانمان ( لیلی شحرور 88:2009 ) بۆ نموونە یەکێك کە دەڵێت :- نا من ناترسم ، بەڵام دەبینین ڕەنگی تێکچووە و شڵەژانی دەروونی پێوە دیارە و دەنگی ئاسایی نییە، لەم بارەدا زمانی گوتن و زمانی جەستە نابنە تەواوکەری یەکتر بەڵکو لەیەك دووردەکەونەوە، چونکە زمانی گوتن نابێتە رەنگدانەوەی راستی ناخی کەسەکە، بەڵکو زمانی جەستە پەیامی خۆی بە راستگۆیی ئاراستەی کەسی بەرامبەر دەکات .**

**لەم بوارەدا سەرکەوتنێکی زۆر بەدەست هاتووە و زمانەوانان هەوڵیان داوە جولانەوە جەستەییەکانی مرۆڤ لەکاتی قسەکردن تۆماربکەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، چونکە لەسەر پۆلینکردن و واتاکانیان رێك نەکەوتن ( موفق الحمدانی:235:1982 ) بەڵام تائێستاش دەروونناسان ئەم جولانەوانە و هەڵسوکەوتانە تۆماردەکەن لە کاتی هەڵسەنگاندنی بەرامبەر، هەڵسوکەوتە جەستەییەکان رەنگدانەوەی ناخی مرۆڤ نیشاندەدات و لە دەوروبەرە دەروونییەکەوە ( Emotional Context ) وەردەگیرێت، چونکە مرۆڤ بە هەموو ئەندامانی لەشی ئاخاوتن ئەنجام دەدات.**

**پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان جەستە و هۆش هەنگاوی یەکەمیش لە درکپێکردنی هەستەکانەوە دەستپێدەکات ،بۆ نموونە هەستەکانمان بەر هەر شتێك بکەون بۆ مێشك دەگوازرێتەوە ئینجا کردەی هۆشەکی دەستپێدەکات بەهەمان شێوەش لەباری هەڵچوونی تووڕەبوون و ترسان هەست بەم پەیوەندیە دەکرێت بە روونی، چونکە گۆڕانکاری ئۆرگانی بەسەر جەستەدا دێت ( أنس شكشك:90:2009 ).کەواتە کردەی هەڵسوکەوتە جەستەییەکان جێگای سەرنج و تێبینی کەسی بەرامبەرە و زانیاری زۆرمان دەربارەی ئاخێوەر دەداتێ، و ئەم جۆرە دەربڕینانە لە خۆوە و بێمەبەستن و زۆر لەراستیش نزیکن و ناشاردرێنەوە، شارەزیان پێیان وایە بزەی لێو و دانیشتن و رۆیشتن و شێوەی وەستان زانیاری زۆرمان دەربارەی کەسایەتی پێدەبەخشێت، چونکە ژیانی مرۆڤ بەگشتی لەزماندا رەنگدەداتەوە، بۆ نموونە منالێك لە رێگادا دەبینین دەگرییێت و رادەکات ورەنگی زەرد بووە و بەخێرایی هەناسە وەردەگرێت بۆمان روونەبێتەوە ئەو منالە ترساوە و کاتێك لە هەمان رێگا سەگێك دەبینین دەوەرێت بۆمان روون دەبێتەوە منالکە لە سەگەکە ترساوە، جا رەوشت و باردۆخ و هەڵسوکەوتی ئەو منالە زۆر شتی پێ وتین بێ ئەوەی قسە بکات، کەواتە هەڵسوکەوت و زمانی جەستەش واتادارن و بەشێکن لە زمان و زانیاری زۆرمان پێدەبەخشێت، ئێمەش لێرەدا بەشێك لەم هەڵسوکەوتانە و واتاکانیان دەخەینەرووکە لەچوار خاڵدا کۆکراوەتەوە ( لیلی شحرور:178:2009 ).**

<u>**أ-ئاوازەی دەنگ** Melody **:**</u>

**تاکەکان لە نێو خۆیاندا لە رووی دەربڕینی دەنگەوە جیاوازن ئەمەش زووربەی بۆ لایەنی بایەلۆجی دەگەرێتەوە وەك ( فراوانی ژووری لەرینەوەکان یان جیاوازی لە دەنگە ژێیەکان ....هتد.( عبدالقادر عبدالجلیل:79:2006 ) دەنگەکان لە زماندا وەسفی باری کەسەکە دەکەن و هەربۆیەش بوونەتە نیشانە و بەڵگە بۆ دەرخستنی کەسایەتی و ناسنامەی ئاخێوەر ( سەرچاوەی پێشوو:80 ) دەنگ هەڵگری سیمای تایبەتی واتایە ولێی جیانابێتەوە ( اف ار بالمر: 113:1981 ) هەر گۆرانکاریەك لە بەرزی و نزمی پلەی دەنگ و خێرایی قسەکردن ودەسگرتن بەسەر چۆنیەتی دەربڕینی دەنگ هەموویان تایبەتی دەنگی پەرەزمانین para linguistics ( محمد معروف فتاح:20:1990 ) و زۆر شتمان دەربارەی کەسەکە لە تەمەن و رەگەز و نەخۆشی و باری دەروونی بۆ روونەدەکاتەوە بە بەڵگەی ئەوەی ئێمە بێ بینین دەتوانین بریار لەسەر زۆرشت بدەین.( کوندراتوف: 200:1971 ) بە تایبەتی ئاوازەی دەربڕین کە هەڵچوونەکانی تیارەنگدەداتەوە ( ستیفن اولمان:92:1975 ) بۆ نموونە لە رێگای دەنگەوە دەتوانین ژن و**

**پیاو منالْ و گەورە نەخۆش و ساغ لەیەکتر جیابکەینەوە.جگە لەمەش دەنگەکان بۆمان ڕووندەکاتەوە ئایا کەسەکە زمانی دەگیرێت یان نەخۆشی زمانی هەیە یان هەموو دەنگەکان بە شێوەی دروست دەردەبڕێت یان نا.**

**شێوەی دەربڕینی دەنگەکانیش زۆرشتمان بۆ ڕووندەکاتەوە کەسەکە لە چ بارێکی دەروونیدا دەژی یان نەخۆشی دەروونی هەیە یان نا،بۆ نموونە کەسێکی نائاسوودە بە ئاوازەیەکی تایبەت بۆچوونەکانی دەردەبڕێت کە جۆرە بەرزی و خێراییەکی پێوەدیارە (تونیا ریمان: 220:2009).کە نا ئاسودەییەکەی تیا ڕەنگدەداتەوە، چونکە دەیەوێت زوو قسەکانی تەواو بکات، بەلام بە خاو قسەکردن ئاماژەیە بۆ غەمباری و بیرکردنەوە و سەرنجدان.بەهەمان شێوەش بە توندی قسەکردن ئاماژەیە بۆ تووڕەیی و بەربەرەکانی و بەرەنگاربوونەوە، نەرمی قسەکردنیش ئاماژەیە بۆ ئارمی و لەسەرخۆیی و خۆشەویستی گەیاندن.(سەرچاوەی پێشوو:220) وەستانیش لەکاتی ئاخاوتن بۆ گوێگر دەردەخات کە کەسی ئاخێوەر لەو شوێنەی لێی دەوەستێت شوێنی دودڵی و بیرکردنەوەیە (موفق الحمدانی :236:1982).وشە دەربڕاوەکانیش جێگای گومانن، چونکە وەستان لە دەربڕیندا بە شێوەیەکی گشتی لە سێ شوێندا ئاساییە :سەرەتای گوتن و نێوان گرێیەکان و نێوان وشەکان، چونکە مرۆڤ زۆرجار تووشی کێشە دەبێت لە هەڵبژاردنی وشە بەتایبەتیش دوای ناو و کار و.....هتد.بۆیە بەتاقیکردنەوە سەلمێندراوە وەستان لە نێوان گوتنێك و گوتنێکی تر 1,03چرکەیە ولە شوێنەکانی تریش0,75 خولەکە (داود عبده:44:1984) جا ئەگەر وەستانێك لەم کاتانەی زیاتر خایاند ئەوا جێگای تێبینی و گومانە.بەهەمان شێوەش هێز خستنە سەر وشە لە کاتی دەربڕیندا واتای گرنگی و جەخت کردنە سەر وشەکە دەدات (محمد علی الخلولی:1991:167)، کەواتە دەنگ کاریگەرییەکی دەروونی گەورەی لەسەر خودی قسەکەر و کەسی بەرامبەر هەیە کە پلەی دەنگ و ئاوازە و هێز و وەستان و شێوەی دەربڕین دەگرێتەوە بەبەڵگەی ئەوەی زۆر جار دەبینین یەکێك قسە دەکات لە قسەکردنەکەدا ئاسوودەین و گوێی لێدەگرین ولای کۆمەڵیش پەسندە و ناکەوێتە ژێر ڕەخنە لە بەرامبەر ئەمەش کاتێ گوێمان لە هەندێ دەنگی ناساز دەبێ و زوو بێزاردەبین و ناتوانین زۆر گوێی لێبگرین (غسان جعفر:45 :2006).و لە پەیوەندیکردندا بەردەوام بین دەکەوێتە بەر ڕەخنەی تاك و کۆمەڵیش و هەندێ جاریش دەکەوێتە بەر توانج و لاسایی کردنەوە.دەنگەکانی گڕ و زیق و بەرز و خاو هەموو ئەم دەنگانە پەسند نین لە کۆمەڵ و کاریگەری لەسەر کەسایەتییەکانیش دروست دەکات و لە نرخیان کەمدەکاتەوە (کوندراتوف :200:1971) هەروەها دەنگی ئاخێوەر لە ئەنجامی شێوەی گۆکردن و دەرکاندنی دەنگەکان بۆمان دەردەخات ئاخێوەری زمانەکە زمانی دایکە یان زمانی دووەمە.....هتد.**

**لە نێوەندی کۆلیژدا چوارکەسمان بەرچاوکەوت کە میلۆدی دەنگییان ئاسایی نەبوو لەوانەش(ع).دەنگی گڕ بوو و (ب) دەنگی بەرزبوو (س و ت) دەنگیان نزیك بوو لەدەنگی منالْ و ئافرەت بە مەبەستی لێکۆڵینەوە پەیوەندیم پێوەکردن و جەختیان لەسەر ئەوەکردەوە کە تایبە تمەندییە دەنگییەکانیان کاریگەری هەیە لەسەر باری دەروونی و کەسایەتیان و خەڵك لەکاتی قسەکردن سەیری یەکدەکەن و پێدەکەنن و هەندێ جاریش قسەمان بۆ دەگەڕێتەوە کە لاسایمان دەکرێتەوە.ئەمەش بۆتە بارێکی قورس بەسەرمانەوە.**

**ب-شێوەی هەڵسوکەوتەکان:**

**هەڵسوکەوتەکانمان جێگای تێبینی بەرامبەرە و لێکدانەوەی بۆ دەکرێ، هەڵسوکەوتەکان بەشێکی گرنگی پەیوەندیکردن پێکدێنن کە زوربەیان بێ ویستن لە ژیانی ڕۆژانەماندا زۆرجار کردەوەهەڵسوکەوت دەبێتە هۆکاری پەیوەندی نێوان ئاخێوەران،بۆ نموونە کاتێ لە شوێنی چردا شوێنەکەمان بۆ کەسێکی بە تەمەن یا ئافرەتێك یا مێوانێك چۆل دەکەین ئەوا کردەکانمان شوێنی دەربڕینەکان دەگرێتەوە (سەرچاوەی پێشوو:200).**

ئەم کردەیەش بێ مەبەست نیە، بەڵکو پەیامێکی ڕێزە بۆ کەسەکە، یان هەڵسوکەوتێکی وەك کوێگرتن لە کاتی قسەکردن و نە پچڕاندنی بەرامبەر پەیامی ڕێزە بۆ گوێگر و قسە برینیشی پەیامێکی ڕێزنەگرتنی بەرامبەرە و یەکێکە لەو تایبە تمەندییانەی کە لە کەسایەتی توندرەوداهەیە، یان خۆدزینەوە لە وەڵام یەکێکە لەو هەڵسوکەوتانەی کە کەسایەتی دادەبەزێنێت، دڵەراوکێ و دوودڵی نیشانی خۆی هەیە کە هەست بە تێنووتی دەکات و جگەرە زۆر دەخوات ئەگەر جگەرەخۆر دوکەڵەکە بۆسەرەوە فرێدات ئەوا بڕوای بەخۆوە هەیە و ئەگەر بۆ خوارەوەی فرێدا ئەوا بێزاری نیشاندەدات لەگەڵ قسەکەر بەرامبەر و ئەوەی بێ ئەوەی جلەکەی پیسبێت خۆی داتەکێنێت یان زۆر دەستی بشوات ئەوا نشانەی دڵراوکێی کەسەکەیە، ئەوکەسەی لەکاتی قسەکردن پاڵ بە ستونێك یان دارێك بدات ئەوا ناسینی تەواو سۆزداری زۆر دەگەیەنێت.( غسان جعفر :52:2006).

وەستان بە شێوەیەکی راست واتای ئەوە دەدات کە خاوەنی هێز و بەرگە گرتنە، هەروەها نیشانەی شانازی بەخۆوەکردن و رازی بوونە لەخۆ جگە لەمەش نیشانەی بەهێزی کەسایەتییە، بەڵام وەستانی خاو نیشانەی خاوی کەسەکەیە وئەوە دەگەیەنێت کەسەکە ئارەزووی تێکەڵبوونی راستەخۆی نیە بە تایبەتیش ئەوانەی کە نایان ناسێت جا بۆیە دەتوانین بڵێن ئەم جۆرە وەستانە ئاماژەیە بۆ کەسایەتی خەمۆکی کە جۆرێکە لە نەخۆشییە دەروونییەکان، بەڵام ئەوکەسەی کە وەستانەکەی بە شێوەیەکە کە بۆ پێشەوە چوویێت و تێبینی شتێکی کردبێت ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە کەسی وەستاو کەسێکی سۆزدار و میهرەبانە و کەسایەتییەکی گەرموگوڕی هەیە (سەرچاوەی پێشوو:50).

ئەو کەسانەی بە شەقاوی کورت دەڕۆن واتای ئەوە دەدات دڵخۆشن و ئەو کەسانەش کە بە هێواشی دەڕۆن و وەستانەکانی چەماوە و کووڕن ئەوا ئەوە دەگەیەنێت کەسەکە خاوەن کەسایەتییەکی دڵتەنگ و خەمۆکییە، جا ئەگەر کەسی رۆیشتوو لە کاتی رۆیشتن دەست لە گیرفانەکانی بنێت ئەم جۆرە کەسایەتییە کەسایەتییەکی لێلە و دەشکەوێتە بەر رەخنەی کەسانی بەرامبەر، ئەوکەسەش کە دەروات و سەری نزم دەکاتەوە و سەیری زەوی دەکات بە بێ مەبەست ئەوە دەگەیەنێت کەسەکە لە بیرکردنەوەکی قووڵدایە و ناتوانێ بەئاسانی تەرکیز بکات، چونکە بیری بە زۆر شت سەرقاڵە هەر بۆیەش ئەم جۆرە کەسانە لەیەك کاتدا بەزۆر شت هەڵ دەسن (سەرچاوەی پێشوو:50).

ئەو کەسەی کە لەدانیشتندا دەست و قاچەکانی بخاتە سەر یەك ئەمە واتای ئەوە دەدات کەسەکە باوەڕی بەخۆی هەیەو لە خۆی باییە، بەڵام ئەو کەسەی بە شێوەیەکی دوورە پەرێز دا دەنیشێت ئەوا ئەوە دەگەیەنێت کەسەکە ئارەزووی گفتوگۆی نیە لەگەڵ بەرامبەر بەتایبەتی ئەکەر گفتوگۆکە پێچەوانەی بیروبۆچوونی بێت، چونکە ئەم جۆرە کەسە هەر باوەری بە بیروڕا و بۆچوونی خۆی هەیە و نایەوێت گفت وگۆی لەسەر بکات هەربۆیەش زوو تێکەڵ و ئاوێتەی ئەو کەسە نابێت کە لەیەکەم جاردا ناسیویەتی.وە ئەو کەسەی کە یەکەم جار قسەت لەگەڵ دەکات لەسەر کورسیەك دانیشتبوو و قاچەکانیشی خستبووە سەریەك لە دانیشتنێکی نافەرمی دا، ئەوا ئەم کەسە هیچ نرخێکت پێنادات و زۆر گرنگی بە فەرمیات نادات ( غسان جعفر :52:2006).شێوەی نووسینیش بەشێك لە کەسایەتی دەردەخات ئەگەر لەکاتی نووسنەکەیدا کەسی لەلا نەبێت، بۆ نموونە ئەوکەسەی نووسنەکەی جوان و رێکە ئەوا خاوەنەکەی کەسێکی هێمن و پشوو درێژە و هەستیارە زۆر و هەست و سۆزی کەسانی تری لا گرنکە، ئەو کەسەش کە وشەکان بە پێی پێویست دەنووسێت و بۆ نموونە لە کاتی نوسیندا درێژی ئەلف و لام وەك یەك بن ئەمە ئەوە دەگەیەنێت خاوەنەکەی پارێزگاری لە مەوعید دەکات.ئەو کەسەی کە نووسنەکانی لەگەڵ یەك هاوتەریبن ئەوا خاوەنەکەی کەسێکی گران و خاوەن زەوقێکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر نووسینەکان بۆ لای سەرەوە بچن ئەوا کەسایەتییەکی بەهێزی هەیە و سەرکەوتووە لە پرۆژەکانی و ئەوەی نووسنەکانی بۆ خوارەوە دابەزیبێت ئەوا خاوەنەکەی زۆر هەل لەدەست خۆی دەدات

(سەرچاوەی پێشوو:86). ئەو کەسەی لەکاتی نووستن قاچێکی درێژبکات و ئەویتر بچەمێنێتەوە ئەوا نیشانەی جووتە کەسایەتیە یان باوەربەخۆبوونە و شەرمنە لەهەمان کات، ئەوەی لەسەر پشت خەوتن باوەر بەخۆبوون و دڵخۆشیە (سەرچاوەی پێشوو:52). پەسندکردنی هەندێ جل و بەرگ بەشێ لە کەسایەتی مرۆڤ دەردەخات هەر بۆیەش پێویستە بە پێی پێویست جل وبەرگی تایبەت لەبەر بکرێت لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەرکەوتووە 89٪ ئەو کەسانەی سەرکەوتوون لە ژیان هۆکارەکەی جل و بەرگ بووە (لیلی شحرور : 2006:11) بۆنموونە کە جوتیارێک کە لە لادێوە دەچێتەشار جلەکەی خۆی دادەکەنێ وجلێکی رەسمی لەبەر دەکات ئەوا بۆ کۆمەڵگایەکەی رادەگەیەنێت ئەوا ئارەزووی ئەوەدەکات مامەڵە و هەڵسوکەوتی جوتیاری لەگەڵ نەکەن، بەڵکو مامەڵەی چینی خوێندەواری لەگەڵ بکرێت،بەهەمان شێوەش کاتێ گە نجێك سەرو پرچ و ردێنی جێدێلی و وەك رۆژئاواییەکان ئەوا رەتکردنەوەی لاسایی باوك و با پیریانییەتی نایەوێت وەك ئەوان بێت (سەرچاوەی پێشوو:211) ئەمەش پەیامێکە بۆ کەسی بەرامبەری دەنێرێت و بەهەمان شێوەش هەڵبژاردنی ئەم رەنگانە واتای تایبەتی خۆی هەیە لە جل وبەرگ و کەلە پەل لەوانەش: (شین) هەستیاری و هێمنی نیشاندەدات و تەوژمی خوێن کەمدەکاتە و هانی خاوبوونەوە دەدات.رەتکردنەوەی ئەم رەنگەش ماندوێتی و دڵراوکێ دەگەیەنێ.رەنگی سپیش پاکی و بێگەردی نیشاندەدات ،(سوور) واتای گە نجایەتی چالاکی و وروژاندن و گەشبینی دەدات،ئارەزوومەندانی رەنگی (زەرد) نیشانەی بیرکردنەوەی راست و توانای زۆر و بەرهەم هێنە،زەردی زێریشی ئاماژەیە بۆ گەشبینی،بەلاّم رەنگی (سەوز) خۆشەویستی و چالاکی و شانازیکردن دەگەیەنێت،لەگەڵ ئەوەش ئارەزوومەندانی دەناڵێنن لەدەست دڵەراوکێی و بێ پشووی (غسان جعفر:2006:54) رەنگی (قاوەیی) دڵنیایی مادە و سامانە،رەنگی (وەنەوشەیی) واتای گەشەی رۆحی دەدات و (پرتەقالی)یش نیشانە باوەربەخۆبوون و (پەمەی)یش رەنگی خۆشەویستی راستەقینەیە و (سپی) رەنگی وزە و بنیاتبەرانەیە (رەش) رەنگی نهێنی و نەزانراوەکانە (ستیڤن جۆن کلبرت:2007:22).

**ج-باری دەموچاو:**

لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە حەوت جۆرە باری دەموچاو هەیە لای هەموو میلەتانیش تارادەیەك وەك یەکە کە خۆرسکن و رەنگدانەوەی ئەو باریە تێیدا دەژیت کە بریتین لە:

1- تووڕەیی:

داگرتنی برۆ و نزیککردنەوەی لەیەك وەك ئەوەی لە باری سەرسورماندابیت،کە سەرەتای گۆرانە بۆ تووڕە بوون،داگرتنی برۆ و توندکردنی پێروی چاو نیشانەیە بۆ توڕەییەك کە دەتوانێ خۆی پێبگیرێت،داگرتنی برۆ و بەرزکردنەوەی پێرو ئەوا تووڕەییەکی زۆر دەگەیەنێت.مرۆڤ لەکاتی تووڕەیی لێوەکانی گرژدەبێت و بەرزدەبێتەوە بۆ پێشەوە و گرژی دەماریشی بەدواوەیە.

2-بێزاری:

لێوی سەرەوە بەرزدەبێتەوە بۆ لایەك توندکردن و خستنە سەریەکی هەردوو لێو لەیەك لاوە،وسەیرکردن تەنها نێوان لووت و دووچاودەگرێتەوە.

3-ڤێزکردنەوە:

لووتگرتن و بەرزکردنەوەی بۆ سەرەوە،لێوی سەرەوە بۆ سەرەوە درێژدەکرێتەوە و لێوی خوارەوە بۆ پێشەوە و خوارەوە درێژدەکرێتەوە و لێوی سەرەوە بۆ بچوکردنەوەی چاویش لە خۆدەگرێت.

4-ترس:

**بەرزبوونەوەی پێرووی سەرەوە و بەرزکرنەوە و نزیککردنەوەی برۆکان لەیەك و لێوی سەرەوەش بە ئاسۆیی توند دەبێت. .**

**5-غەم:**

**دابەزینی پێڵوی چاو، بێتاقەتی و ماندوویی و عاجزی و بەرزکردنە و نزیکبوونەوەی لەیەك، لێوەکانی بۆ خوارەوە دابەزیون، بەرزکردنەوەی لێوی خوارەوە و دولابوونەوەی بۆ خوارەوە.**

**6- دڵخۆشی و ئاسودەیی:**

**دڵخۆشی و ئاسودەیی لە ڕێگای زەردەخەنەوە دەردەبڕدرێت، کە دەوروبەری لێوی سەرەوە بەرزدەبێتەوە ،دەوروبەری چاوەکان لۆچداردەبن دەم خاودەبێتەوە هەر ئەم نیشانەیەش زەردەخەنەی ڕاست و ناراست لەیەك جیادەکاتەوە زەردەخەنەی دروستکراو لۆچەکان لای دەمەوە دەبن، جگە لەمەش زەردەخەنەی ڕاستەقینە خێرا و کورتە (تونیا ریمان:**2009: 225-250**) زەردەخەنە زۆرشتمان بۆ ڕووندەکاتەوە، لەوانەش باوەرکردن وەك ئەوانەی کە زەردەخەنەکەیان ناهاوسەنگە یان وا ئەزانێ بەخورتی ئەنجامی دەدات زەردەخەنەی درێژخایەن ئەوە دەگەیەنێ کەسەکە دەتوانێ کاریگەری بکاتە سەر کەسی بەرامبەر، بەڵام ئەوکەسانەی بەدەگمەن زەردەخەنیەیان لەسەر لێوانە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەم کەسە کەسێکی تەمومژاوی و لێڵە و ئەوکەسەش کە هەر زەردەخەنە بەسەر لێوانیەوە نیە، ئەوا ئەم کەسە ئارەزوی ئەوە دەکات کە لە پەیوەندی بەردەوامدابێت لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا (سەرچاوەی پێشوو:**232).

**7-سەرسورمان:**

**بەرزکردنەوەی نێوچەوان بۆ سەرەوە بۆ ماوەیەکی کورت لەگەڵ بەرزکردنەوەی برۆ، بەڵام ئەگەر درێژەی کێشا ئەوا دەبێتە ترس ( غسان جعفر:**86:2006).

**<u>د-نیشانە ئاماژەییەکان:</u>**

**1- سەر:**

**وەك هەموو ئەندامەکانی تر جێگای تێبینیە، چونکە شێوەی جولانەوەکان و باری وەستانەکەی واتای تایبەتی هەیە لەوانەش سەر نزمکردنەوە بۆ کەس نیشانەی دانپیانانە بە کەسەکە (تونیا ریمان:**94:2009**) و سەرلارکردنەوە بەلایەك لەکاتی ئاخاوتن ئەوە نیشانەی ناباوەڕییە بە کەسی بەرامبەر. (سەرچاوەی پێشوو:**94).

**2- دەست :**

**بەرزکرنەوەی دەست بۆ سەرەوە نیشانەی بێهێزی و پێویستیە هەروەك دەبینین سواڵکەرەکان بەکاریدێنن، بۆ خوارەوە نیشانەی هێز و دەسەڵاتە بەسەر کەسانی تر و دەست قوچاندنیش نیشانەی ترس و دڵەڕاوکێیە (لیلی شحرور:**185:2009**) دەست لێدان لە کەسی بەرامبەر لەکاتی ئاخاوتن نیشانەی خۆشەویستی کەسەکەیە.**

**3-لووت:**

**سوور بوونەووەی لووت هەوڵدانە بۆ درۆکردن، چونکە پرخوێن دەبێت.**

**4- چاو:**

**دوای ماوەیەکی کەم لە بەیەکگەیشتنی دوو چاو ئاوێتە بوونی کۆمەڵایەتی نێوانیان دەست پێدەکات وەك ئەوەیە کە بڵێی حەزدەکەم پەیوەندیت پێوە بکەم ،لێکۆلینەوەکان دەریان خستووە کە نزکەی**65%**ڕەگەزی مێ لە ڕێگای چاوەوە پەیوەندی بە ڕەگەزی نێرەوە دەکەن بۆ سۆزداری و خۆشەویستی و بیلبیلەی چاویان دەکرێتەوە زیاد لە پێویست کەسانی چاو سەوز لە هەموو کەس زیاتر سەیریان دەکرێت (سەرچاوەی پێشوو:**185**) سەیرکردنیش واتای خۆی هەیە، بۆ**

**نموونە :لە کۆمەڵگای ئەمریکی تێرامانی زۆر تەنها بۆ شتە بۆ کەس نییە، هەربۆیەش ئەگەر کەسێك زۆر سەیری یەکێك بکات ئەوا ئەوە دەگەیەنێ وەك کالایەك یان شتێ سەیری دەکات، بۆ نموونە ڕۆژئاواییەکان زۆر نارحەت دەبن بە قسەکردن لەگەڵ عەرەبەکان، چونکە لەکاتی قسەکردندا زۆر سەیریان دەکەن و چاو دەخەنە ناوچاویان ئەمەش بەتەحەدایەك دەزانن.(موفق الحمدانی: 1982:231) بەشی زۆری نهێنییەکانی ناخی مرۆڤ دەردەخات چاوی بچووك توانای بەرگەگرتنی کەمە و چاوگەشی نیشانەی سۆزدارییە (ڕۆبەرت ئێڵ وایتساید:2007:31).کەسەی کە قسەت لەگەڵ دەکات ئەگەر لە کاتی دواندنت دا چاوەکانی دا بخات بە تایبەتیش لە کاتی گفتوگۆی قووڵ، ئەوا ئەو کەسە ئارەزووی ئەوە دەکات باش تەرکیز بکات و دەیەوێت زانیارییەکان بە شێوەیەکی ورد بگەیەنێت، بەلام ئەوچاوەی بە ئاراستەی ئەم لاو ئەولادا دەڕوات لە کاتی قسەکردن ئەوا دەتوانین بڵێین ئەو کەسە ئارەزووی راکردنی هەیە لە بابەتەکە و دەیەوێت دەروازەیەك بدۆزێتەوە تا لێی دەرچێت (غسان جعفر:2006:51).**

**5- پرچ:**

**داهێنان و ڕێکخستنی پرچ نیشانەی ڕێك و پێکی کەسەکەیە و کەم پرچی لەسەر نیشانەی مەینەت و ئازاری کەسەکەیە (لیلی شحرور:2006:211) کەسی خاوەن پرچی درێژ کەسێکی وروژێنەرو سۆزدار ترە لە قژ کورتەکان و پرچی زەرد نیشانەی نەرمی پێکەنیناویە و پرچی رەش نیشانەی تەواوی و زیرەکییە و پرچی سوری رەنگ زێری نیشانەی زیرەکی زۆر و دەمارگیری و زمان سە پێنەرە (غسان جعفر:2006:54).**

**<u>ئە نجام:</u>**

**1. کەسایەتی ئەو ئەدگارە تاکە کەسیەیە لە ئە نجامی کاریگەری حەز و هەڵچوونەکانی ناخی مرۆڤ و کارتێکەری کۆمەلایەتی دروست دەبێت تاکەکان لەیەك جیادەکاتەوە، هەربۆیەش بە پێی دەوروبەر لە گۆراندایە.**

**2- کەسایەتی و زمان پەیوەندییەکی پتەوییان بەیەکەوە هەیە و زمان ڕەنگدانەوەی کەسایەتی تاکە کەسە و تایبەتییە بایەلۆجی و جەستەیی و دەروونی و کۆمەلایەتی تاك لە زمانەکەیدا ڕەنگدەداتەوە بەهەمان شێوەش زمانیش کاریگەری هەیە بەسەر کەسایەتی مرۆڤەوە و لە ڕێگای زمانەوە دەتواندرێت کاریگەری لە کەسایەتی بکرێت و ئاراستەی بگۆردرێت.**

**3- مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگای زمانی دەربڕاو جا چ بەدەنگ و چ بە هەڵسوکەوتە جەستەییەکان شێوە کەسی بەرامبەر بخوێنێتەوە. لە نهینییە شاراوەکانی شارەزابێت.**

**4- ئاوازەی دەنگ و بەکارهێنانی وشە و ڕێخستنی ڕستە و هەڵس وکەوتە جەستەییەکان تابە تمەندی کەسایەتی مرۆڤ دەردەخەن، چونکە زیاتر واتای ڕاستەقینەیان لێوەردەگیرێت.**

**5- دەربڕینە زمانییە ڕاستەوخۆکان لە ڕێگای واتای سیمانتیکی شیدەکرێتەوە و دەربڕینە زمانییە ناڕاستەوخۆ و زمانە جەستەییەکانیش لە ڕێگای واتای پراگماتیکییەوە.**

**6- تاقیکرنەوەکانی کەسایەتی لە ڕێگای پرسیار و وەلامەوە دەبێت، ئەم پرسیارانەش بە پێی جۆری پێوانەی کەسایەتی دەگۆرێت بۆ نموونە پێوانەی (بڕوا بەخۆبوون) جیایە لە پێوانەی (پەیوەندی کۆمەلایەتی)کەواتە توێژەر ئەم پرسیارانە بێمەبەست ناکات، پرسیارەکان فرە وەلامن هەریەك لەم وەلامانەش جۆرە واتایەك دەدات لە ڕێگایەوە دەتوانین دەستنیشانی کەسایەتی ئەو کەسانە بکەین کە توێژینەوەیان لەسەر ئە نجام دەدەین. واتای تایبەتی خۆی هەیە لای توێژەر، بۆ دیاریکردنی کەسایەتی.**

عبدالواحد مشير محمود دزەیی (2010) رۆڵی زمان لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی تاکدا، گۆڤاری (زانکۆی سلێمانی (B ژمارە (30) بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

7- ئەگەر تاقیکردنەوەکەمان لە ڕێگای چاوپێکەوتن بێت کە پزیشکە دەروونییەکان زیاتر بەکاریدێنن بۆ تێگەیشتن لە باری کەسەکە و وردبوونەوە لە کەسایەتی ،ئەوا پراگماتیک رۆڵی خۆی زیاتر دەبینێت، چونکە لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە هەموو هەڵسوکەوتێك مایەی تێبینییە جا بە زمانی گوتن بێت یان بە زمانی جەستە بێت، چونکە هەڵگری واتا و پەیامێکە بۆ توێژەر بە تایبەتیش پێوانەی کاردانەوە فسیۆلۆجییەکان.


## الملخص

للغة دور فى التعرف على شخصية المتكلم او الكاتب لأن المعنى هو اهم محددات السلوك الانسانى، و شخصية الانسان تنعكس فى لغته عن طريق الصوت و اختيار الكلمات و ترتيب الجمل و حسن التعبير و حركاته اللاارادية، يحاول الباحث فى بحثه هذا ابراز اهمية المعنى لتحديد الشخصية و الوصول الى اعماق تفكير الانسان و قراءة افكارهم ،عن طريق تحليل المحتوى التعبير وفق علم الدلالة السلوكى السيمانتيكى و البراكماتيكى و يعد هذا البحث الاول من نوعه فى اللغة الكردية ،يتضمن البحث عدا المقدمة و النتائج محورين،الأول يتناول :علم الدلالة السلوكى،شخصية الفرد ،انواعها، تكوين الشخصية والعوامل المؤثرة فيها،مكونات شخية الفرد،التحليل النفسى لشخصية الفرد،طرق اختبار تحديد الشخصية ) اما الثانى فيتناول :اللغة والشخصية، تحديد الشخصية عن طريق التعبير.وفى ختام تم عرض النتائج مع ملخص باللغتين العربية والانكليزية.

## Abstracts

The language has role on knowing the personality of the speaker or writer because meaning is the main factor for specifying the human behavior. The personality of the human being is reflected in his language when he speaks, uttering words, making sentence and other expressions and spontaneous movements he makes.

The researcher seeks to show the importance of meaning for specifying the character of a person and this is the concern of researchers till now.

The research shows the semantic importance and pragmatic ones for reaching to the depth of the person's ideas which is the first trial in Kurdish language.

The research consists of an introduction, two sections; the first is concerned with the psychological information, the personality, the kinds of personality, the structure of personality and other factors in it. The psychological analysis of the personality, and the ways of testing the personality, the second about language, how personality is adopted through expressions, finally the main results are presented in Arabic and English language.


## سەرچاوەکان:

### A.بەزمانی کوردی:


1- رۆبەرت ئێل وایتساید ( - ) زمانی روخسار، وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە، مینە ( محمد امین حسین ) ( 2007 ) بلاوکراوەکانی کۆمپانیای ئاوێنە، سلێمانی.

2- ستیڤن جون کلبرت ( - )زمانی جەستەی رەنگ، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە، مینە( محمد امین حسین ) و کەمال حسن( 2007 )، بلاوکراوەکانی کۆمپانیای ئاوێنە، سلێمانی.

عبدالواحد مشير محمود دزەیی (2010) رۆڵی زمان لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی تاکدا، گۆڤاری (زانکۆی سلێمانی (B ژمارە (30) بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

3- عبدالواحد مشیر محمود دزەیی( 2008 ) ریزگرتن لە دیدی پراگماتیکدا، لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکیە، گۆڤاری (الاستاذ) ژمارە ( 78 ) کۆلیژی پەروەردەی ئیبن روشد زانکۆی بەغدا.

4- کریم شریف قەرەچەتانی( 2007 )سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

5- محمد معروف فتاح( 1990 )زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەددین، صاپخانەی دار الحکمە، هەولێر.

B.بەزمانی عەرەبی:

1-أ.كوندراتوف ( 1969 ) اصوات و اشارات ( Sounds and Signs ) نقله الى الانكليزية، ادوار يوحنا، 1971، المؤسسة العامة للصحافة والطباعة، بغداد.

2-احمد زكى صالح ( 1972 ) علم النفس التربوى، الطبعة الثالثة عشرة، مكتبة النهضة المصرية. القاهرة.

3-احمد عزت راجح ( 1985 ) اصول علم النفس، المكتب المصرى الحديث للطباعة والنشر، الاسكندرية.

4-احمد مختار عمر( 1982 ) علم الدلالة، الطبعة الاولى مكتبة دار العروبة للنشر و التوزيع، الكويت.

5-احمد يحيى الزق ( 2006 ) علم النفس، دار وائل للطباعة والنشر، الاردن.

6-أف, آر بالمر, ( 1981 ) علم الدلالة, ترجمة مجيد عبد الحليم الماشطة, مطبعة العمال المركزية, بغداد.

7-أنس شكشك ( 2009 ) اسرار الشخصية و بناءالذات، دار الكتب العربية ، بيروت

8-بلال عبدالهادى( 2005 ) الجسد حين تتكلم اللغة الصامتة ترافقنا اكثر مما ترافقنا اللغة الناطقة، جريدة الشرق الاوسط جريدة العرب الدولية، عدد 9655 فى5مايو.

9-تونيا ريمان( 2009 ) قوة لغة الجسد، الطبعة الاولى، دار العربية للعلوم ناشرون، بيروت.

10-جمعة سيد يوسف( 1990 ) سيكولوجية اللغة والمرض العقلى، سلسلة عالم المعرفة العدد( 145 ) المجلس الوطنى للثقافة والفنون والاداب، الكويت.

11-داود عبدة ( 1984 ) دراسات فى علم اللغة النفسى، مطبوعات جامعة الكويت، الكويت.

12-صالح محمد ابو جادو( 2010 ) سيكولوجية التنشئة الاجتماعية، الطبعة السابعة، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، عمان، الاردن.

13- طلعت منصور و الاخرون ( 1978 ) اسس علم نفس العام، مكتبة ا نجلو المصرية.

14-عبدالحميد محمد على و فتحى عبدالحميد عبدالقادر و مراد على عيسى( 2010 ) القياس النفسى والاختبارات النفسية، مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، القاهرة.

15-عبدالقادر عبد الجليل( 2006 ) المعجم الوظيفى لمقاييس الأدوات النحوية والصرفية ، ط/1 دارالصفاء للنشر والتوزيع، عمان.

16-عبداللطيف محفوظ ( 2009 ) سيمائيات التظهير، الطبعة الاولى، منشورات الاختلاف، الجزائر.

17-عبد الله بن أحمد العلاف (د-ت)، تعرّف على شخصيتك وشخصيات من تحب من خلال أسرار النفس البشرية http://www.saaid.net/book/9/2797.zip

18-عدنان يوسف العتوم( 2010 ) علم النفس الاجتماعى، الطبعة الثانية، اثراء للنشر والتوزيع. عمان، الاردن.

19-غسان جعفر( 2006 ) علم الفراسة، رشاد برس للطباعة والنشروالتوزيع ، بيروت، لبنان.

20-كامل محمد محمدعويضة ( 1996 ) علم النفس الشخصية، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت.

21-ليلى شحرور( 2009 ) فن التواصل و الاقناع، الطبعة الاولى، دار العربية للعلوم ناشرون، بيروت.

22-محمد احمد نابلسى( 1988 ) فرويد و تحليل النفسى الذاتى، دار النهضة العربية، بيروت، لبنان.

23-محمد بنى يونس( 2004 ) مبادئ علم النفس، دار الشروق للنشر والتوزيع، الاردن.

عبدالواحد مشير محمود دزەیی (2010) رۆڵی زمان لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی تاکدا، گۆڤاری (زانکۆی سلێمانی (B ژمارە (30) بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

24-محمد جاسم محمد( 2004 ) المدخل الى علم النفس العام،دار الثقافة والنشر و التوزيع،الأردن.

25-محمد حسن عبدالعزيز( 2009 ) علم اللغة الاجتماعى،مكتبة الاداب،دار الكتب المصرية،القاهرة.

26-محمد على الخولى( 1991 ) معجم علم اللغة النظرى،انكليزى- عربى،بيروت،لبنان.

27-محمود السعران (د-ت ) علم اللغة مقدمة للقارىء العربى،دار النهضة العربية،بيروت،لبنان.

28-موفق الحمدانى( 1982 ) اللغة وعلم النفس،مديرية دار الكتب للطباعة والنشر جامعة الموصل.

29-نوال محمد عطية( 1975 ) علم النفس اللغوى،الطبعة الاولى مكتبة انجلو المصرية.

C-به زمانی فارسی:

1- محمد تقى زهتابى و حسين على محفوظ ( 1987 ) قواعد الفارسية،ط/2،مطبعة جامعة صلاح الدين،اربيل.

D. بەزمانی ئینگلیزی:

1.BLOM FIELD, L, (1933) “Language” Holt, Rinehart & Winston. New York.

2.Byrne.B.M.(1984) The general academic self-concept nomological net work;Arview of construct validation research .Review of Education research,54(3),427-456

3.GARMAN; MICHEAL (1990) “Psycholinguistics” Cambridge, Text book in Linguistics Cambridge University press Great Britain.

4.Levinson،S.C.(1997)“Pragmatics” Cambridge. University press. RICHARDS،C،JACK & RICHARDT.W.SCHMIDT،[1983] “Conversational

5.Analysis" in Language and Communication [ed] Longman

6.TEUNA.VAN. DIJK, (1977) “Text & Context” Exploration in The Semantics & Pragmatics of Discourse London, New York

7.WILLIS.EDMONDSON(1981)“Spoken Discourse” A model for Analysis, Longman, New York